مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

# انهيار الثورة والهجرة القسرية للرواندزيين إلى إيران عام ١٩٧٤-١٩٧٥، على سبيل المثال

م. غەمگین عەبدوڵڵا قادر

ghamgin.qadr@su.edu.krd

قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق.

م.م. سەیران صالح ئیسماعیل

sairan.ismail@su.edu.krd

قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق.

**الكلمات المفتاحية**: رواندز، النازحون، الحكومة العراقية، القيادة الكردية، الاتفاقيات.

**كيفية اقتباس البحث**

قادر , سعد عبدالله , سيران صالح إسماعيل , انهيار الثورة والهجرة القسرية للرواندزيين إلى إيران عام ١٩٧٤-١٩٧٥، على سبيل المثال,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# The collapse of the revolution and the forced migration of Rwandans to Iran in 1974-1975, for example

**Ghamgin Abdullah qadr**
**-Department of History, college of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**
**Ghamgin.qadr@su.edu.krd**

**Sairan salh ismael**
**sairan.ismael@su.edu.krd**
**-Department of History, college of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**

**Keywords** : Rawanduz, displaced persons, Iraqi government, Kurdish leadership, agreements

**How To Cite This Article**
Qadr , Ghamgin Abdullah , Sairan salh Ismael , The collapse of the revolution and the forced migration of Rwandans to Iran in 1974-1975, for example ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
This research seeks to examine and trace the political conditions in the Rawanduz region following the announcement of the March 11 Agreement, drawing on its significant geographical and strategic position, which granted it a pivotal role in the context of the September Revolution. This research further analyzes the consequences and repercussions of the collapse of this agreement, particularly its impact on the inhabitants of Rawanduz.
The first section focuses on conceptualizing migration in terms of its definition, patterns, and forms, alongside an analytical exploration of its

causes throughout human history, supported by illustrative historical examples. The study also addresses the March 11 Agreement in light of the stance of the Iraqi government, while shedding light on the conditions of displacement experienced by the people of Rawanduz during their migration to Iran in the period (1974–1975). It highlights the harsh conditions and humanitarian suffering endured by refugees in the camps, as well as examining the issue of their return to Iraq in general and to Rawanduz in particular. This study consists of a gateway and two main themes; The political situation in Rwandz in 1970-1974 is highlighted. The first topic deals with the reasons for migration throughout human history, with reference to the March 11 agreement and the final position of the Iraqi government on the agreement. It details their situation when they migrated to the Iranian borders, their situation and livelihood during the displacement, then the situation of their return to Iraq and then to Ruandz, and their distribution according to the decisions at that stage.

**الملخص**

تسعى هذه الدراسة إلى تتبّع وتحليل الأوضاع السياسية في منطقة رواندز عقب الإعلان عن اتفاقية ١١ آذار، وذلك انطلاقاً من موقعها الجغرافي والاستراتيجي الذي منحها دوراً محورياً في سياق ثورة أيلول. كما تعالج الدراسة الآثار والتداعيات التي ترتبت على انهيار تلك الاتفاقية، ولا سيما انعكاساتها على سكان رواندز.

في المحور الأول، يتركّز الاهتمام على تأطير مفهوم الهجرة، من حيث تعريفها وأنماطها المختلفة، مع تقديم قراءة تحليلية لأسبابها عبر الامتداد التاريخي للتجربة الإنسانية، مدعومةً بنماذج تاريخية دالّة. كذلك تتناول الدراسة اتفاقية ١١ آذار في ضوء موقف الحكومة العراقية منها، مع تسليط الضوء على واقع النزوح الذي تعرّض له سكان رواندز خلال موجات هجرتهم نحو إيران في المدة (١٩٧٤–١٩٧٥). ويجري الوقوف على الظروف القاسية والمعاناة الإنسانية التي واجهها النازحون داخل مخيمات اللجوء، إلى جانب متابعة إشكالية عودتهم إلى العراق عموماً، وإلى رواندز على وجه الخصوص. تتألف هذه الدراسة من مدخل وموضوعين رئيسيين؛ حيث تُسلط الضوء على الوضع السياسي في رواندز خلال الفترة ١٩٧٠–١٩٧٤. ويتناول الموضوع الأول أسباب الهجرة عبر التاريخ البشري، مع الإشارة إلى اتفاقية ١١ آذار والموقف النهائي للحكومة العراقية منها. كما يُفصّل وضع المهاجرين عند هجرتهم إلى الحدود الإيرانية، وظروفهم المعيشية خلال فترة النزوح، ثم وضعهم عند عودتهم إلى العراق، ثم إلى رواندز، وتوزيعهم وفقًا للقرارات المتخذة في تلك المرحلة.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

## هەرەسی شۆڕش و کۆچی ناچاری ئاوارەبوونی ڕواندزییەکان بۆ ئێران لەساڵانی١٩٧٤- ١٩٧٥ بە نموونە

**م.ی. غەمگین عەبدوڵڵا قادر**
ghamgin.qadr@su.edu.krd

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**م.ی.سەیران صالح ئیسماعیل**
sairan.ismael@su.edu.krd

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ بارودۆخی سیاسیی ڕواندز دەکات دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار، بەهۆی پێگەی جوگرافی و ستراتیژی ئەو ناوچەیە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووە، وە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی هەرەسهێنانی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار لەسەر دانیشتووانی ڕواندز تاوتوێ دەکات. لە تەوەری یەکەمدا تیشکمان خستۆتە سەر ناساندنی کۆچکردن و جۆر و شێوەکانی. بەووردی سەرنج خراوەتە سەر هۆکارەکانی کۆچکردن بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بە سەلماندنی نموونەی مێژوویی، هەروەها ئاماژە بە ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار کراوە لەگەڵ هەڵوێستی حکومەتی عێراق لەبارەی ئەو ڕێککەوتنە، تیشک خراوەتە سەر ڕەوشی ئاوارەبوونی خەڵکی ڕواندز بەدرێژایی ڕێڕەوی کۆچیان بۆ ئێران لەساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ لەگەڵ ئاماژەدان بە بارودۆخ و ئەو مەینەتیيانەی لە ئۆردوگاکانی پەنابەران ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، لەگەڵ بەدواداچوونی پرسی گەڕانەوەیان بۆ عێراق و دواتر بۆ ڕواندز.

کلیلی وشەکان: ڕواندز، ئاوارەکان، حکومەتی عێراق، سەرکردایەتی کورد، ڕێکەوتننامە.

**پێشەکی**

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کوردستان بووە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانی سەربازی نێوان حکومەتەکانی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی، کە گۆڕانکاری قووڵی بەخۆیەوە بینی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێگە و ڕۆڵی کورد و حکومەتەکانی عێراق هەبوو. لە هەمان کاتدا هەڵوێستی هەرێمی لە میانەی پێشهاتەکانی ئەو ماوەیەدا بەرانبەر شۆڕشی کورد بەدیارکەوت. ئەمە بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەکەیە بە ناونیشانی (هەرەسی شۆڕش و کۆچی ناچاری ئاوارەبوونی ڕواندزییەکان بۆ ئێران لەساڵانی ١٩٧٤- ١٩٧٥ بە نموونە).

ئەم ماوەیە دوو قۆناغی جیاواز خۆ دەگرێت؛ کە قۆناغی شەڕ و پێکدادانی چەکدارییە، دواتریش قۆناغی خیانەتی هەرێمی و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول و ئاوارەبوونی هەزارەها کورد بۆ ناوچە شاخاوییە سەختەکان و دواتریش بۆ ئێران، ئاوارە بوونی کورد بە یەکێک لە پرسە گرنگ و هەستیارانەی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا دادەنرێت، چونکە

بۆ یەکەمجار پرسی کورد وەک کێشەیەکی مرۆیی گەورە لە ئێران و تورکیا و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا دەنگی دایەوە.

ئەم توێژینەوە لە دەروازەیەك و دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە؛ لە دەروازەدا تیشك خراوەتە سەر بارودۆخی سیاسی رواندز لە ساڵانی١٩٧٠-١٩٧٤دا. لە تەوەری یەکەمدا هۆکارەکانی کۆچکردن بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، لەگەڵ ئاماژەدان بە رێککەوتننامەی ١١ی ئادار و هەڵوێستی کۆتایی حکومەتی عێراق لەبارەی رێککەوتنەکە، دوا تەوەر تایبەت کراوە بە قۆناغەکانی ئاوارەبوونی رواندزییەکان بۆ ئێران لە ساڵانی١٩٧٤-١٩٧٥. تێیدا بە ووردی ئەو بارودۆخەیان ئاماژەی پێ کراوە هەر لەکاتی کۆچ کردنیان بۆ سنوورەکانی ئێران، بارودۆخ و گوزەرانیان لەکاتی ئاوارەیی دواتر هەڵومەرجی گەڕانەوەیان بۆ عێراق دواتریش بۆ ڕواندز لەگەڵ دابەشکارییان بەپێی بڕیارەکان لەو قۆناغەدا بە ووردی ڕوونکراوەتەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کەبزانێ ئایا بارودۆخی ڕواندز و ڕواندزییەکان چۆن بووە لە کاتی شۆڕش؟ چۆن گۆڕانکارییە سیاسییە خێراکانی ئەو سەردەمە کاریگەری لەسەر بارودۆخی مرۆیی و کۆمەڵایەتی دانیشتووانی ڕواندز لەکاتی لێکتێگەیشتنی نێوان سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەتەکانی عێراق کاری لێکردووە، وە جێبەجێکردنی یەکلایەنەی رێککەوتننامەی ١١ی ئادار لەلایەن حکومەتی عێراق و کاریگەری رێککەوتننامەی جەزائیر چی بووە لەسەر خەڵک و ناوچەکە.

**سەبارەت بە ڕێبازی لێکۆڵینەوە**، بەگوێرەی تایبەتمەندی و سروشتی بابەتەکە، سوود لە ڕێبازەکانی گێڕانەوە و شیکاری و کرۆنۆلۆژی(مێژوویی) بینراوە، چونکە بێجگە لە باسکردنی بارودۆخی ئاوارەکان لە ئێران، کاریگەری دۆخی سیاسی ئەو قۆناغەش بەسەر ئاوارەکان بەرسەرنج دراوە، بۆیە وەک چۆن بایەخ بە کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان دراوە، بە هەمان ئاست بابەتەکە شیکار دەکات و ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەدا دەخاتە ڕوو.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا سوود لە چەندین سەرچاوە وەرگیراوە، لە هەموویان زیاتر سوود لە پەرتوکە مێژووییەکان بووە بەتایبەتی (مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨، مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم١٩٦١-١٩٧٥ شۆرشی ئەیلول)، وە پەرتوکی بارودۆخی سیاسی کوردستان-عێراق ١١ی مارتی١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤، کە لەنوسینی فەرەیدوون عەبدولرەحیم عەبدوڵلایە، گرنگی ئەو پەرتوکە لەوەدایە نوسەر بە ووردی تیشکی خستۆتە سەر ئەو قۆناغە گرنگەی مێژووی کورد.

بێگومان توێژینەوە لە بابەتێکی لەو شێوەیەدا یادداشت وبیرەوەرییەکان کە لە شێوەی پەرتوک نووسراونەتەوە، زۆر گرنگن؛ چونکە لەلایەن کەسانێکەوە نووسراون کە بەشدار یان ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەیان بوونە، لەوانە پەرتوکی شاخەوان شێخ محمد ماویلی بەناونیشانی لێرەش رووم لە تۆ بوو ئەی نیشتمان، لەگەڵ بیرەوەرییەکانی عزت سلێمان دەرگەڵەیی بەناوی شانێک بە بن باری نیشتمانەوە، جگە لە چاوپێکەوتنی شێرزاد هەیێ کە لەگەڵ سەڵاح ڕەفیق ڕواندزی ئەنجامداوە بەشێوەی پەرتوک بەناوی لەدەو خەرەندی

ئەحەسێمۆ چاپکراوە، بێگومان چەند سەرچاوەیەکی دیکەش بەکارهێنراون کە لەلیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان پێدراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا سوود لە چەند چاوپێکەوتنی تایبەت وەرگیراوە بۆ ئەو توێژیەوەیە لەگەڵ چەندین کەسایەتی ڕواندز کە بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبووە لە مەیدانی شەڕ و ئاوارە بوون بۆ ئێران و لەگەڵ بەشدار بوونیان لە قۆناغی دواتر کە ڕاگواستن بووە بۆ باشوری عێراق لەوانە (ئەسعەد کاروانچی، بەهار کاروانچی و فەرهاد شاکر مەجرووم، ئازاد جوندیانی...هتد)، لەگەڵ چەندین چاوپێکەوتن و سەرچاوەیەکی دیکە بەکارهێنراون کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان پێدراوە.

**دەروازە: بارودۆخی سیاسی رواندز لەساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤.**

حکومەتی عێراق دوای نزیکەی دەساڵ ماندوو بوو لە ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی، لێکتێگەیشتنی نێوانیان لەساڵی ١٩٧٤هاتە ئاراوە، کە بە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠[١] کۆتایی هات[٢]، ئەو ڕێککەوتنە بە هەنگاوێکی مێژوویی دێتە هەژمارکردن بۆ نەتەوەی کورد، چونکە بۆ یەکەمجار بە فەرمی حکومەتی عێراق دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورد نا(بارزانی، ب٣، ب٢، ل٤٣-٤٤، بینغیو، ٢٠١٤، ل٦١-٦٢)، لەگەڵ هەموو لایەنە باش و ئەرێنییەکانی ڕێککەوتنەکە، هەندێک بەندی نهێنی تێدابوو لەوانە(کێشەی پارێزگای کەرکوک، ناسنامەی کوردە فەیلییەکان، مەسەلەی سەرژمێری دانیشتوان...هتد) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ل٧٧-٩٢)، جێبەجێنەکردنی ئەو بەندانە لەلایەن حکومەتی عێراق بووە مایەی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری کوردستانیان دژی حکومەتی عێراق.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە ئەو ڕێککەوتننامەیە بووە هۆی کرانەوەیەکی جیهانی بەڕووی کێشەی کورددا، لەبەرئەوەی چەند ڕۆژنامەنوس و کەسایەتی و ئاژانسێک هاتنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلول لەوانە(ئادەم سمث) (دزەیی، ٢٠١٥، ل٢٢٣) ، هەروەها (کریس کۆچێرا) کە چالاکییەکانی خۆی و هاوسەرەکەی، بوونە هۆکارێک کە جیهان تێبگات کێشەی کورد کێشەی میللەتێکە داوای مافی ڕەوای خۆی دەکات، نەک "یاخیبوون"ێکی ناوچەیی، ئەمە لە ئەرشیفی وێنە و بەرهەمە چاپکراوەکانی ناوبراو ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ (نیویۆرک تایمز و ئاژانسی وێنەی گاما)، سەردانی بێرنار کۆشنەر بۆ کوردستان لە ساڵی١٩٧٤[٣].

ڕاگەیاندنی ئەو ڕێککەوتنە پێشوازیەکی گەرمی لەلایەن خەڵکی کوردستان و ڕواندز بەتایبەتی لێکرا ، ئەوکاتە بەرپرسی لێژنەی ناوچەی ڕواندزی پارتی دیموکراتی کوردستان (سەید عومەر سەید نەبی) بوو، لە ڕێورەسمێکی جەماوەریدا دەقی ڕێککەوتنەکەی خوێندەوە، تەواوی شار خرۆشا و لە کوچە و کۆڵانەکانی ڕواندز بووە شایی و ڕەشبەڵەک و کوتینی دەهۆڵ و زوڕنا لەگەڵ ئەنجامدانی چەندین چالاکی هونەری(سەلیم، ٢٠٢٤، ل٦٠؛ چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠)، ئەو ڕێکەوتنامەیە کەشێکی سیاسی ئارامی هێنا ئاراوە کە بووە هۆی گەڕانەوەی پێشمەرگەکان بۆ ناو کەسوکاری خۆیان لەزێدی باب و باپیرانیان لەنێو سەنتەری شارەکان کە پێشمەرگەکان چەک لەشان بوون بە ئاشکرا و لەبەرچاوی هێزە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق لە ڕواندز(چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠).

خەڵکی ڕواندز بە ئازادی لە گەردە گەرد بە ئامادەبوونی ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی یادی نەورۆزیان کردەوە، ئیدرس بارزانی ووتارێکی لەبارەی ڕێککەوتننامەکە خوێندەوە، هەروەها چەندین مەراسیم ئەنجامدرا(میران، ٢٠٠٥، ل٩٧-٩٧) وە قوتابیان بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان بە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار نمایشی جۆراجۆریان ئەنجامدا وەك هەڵپەركێ و نواندن لە قوتابخانەی پاشای گەورە و دواتر چوون بۆ بارەگای پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ تەواوكردنی ئاهەنگەكە (چاوپێکەوتن، بەدیعە عمر یوسف، ٢٠٢٤/٤/٣٠).

لەئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسییەی هاتە ئاراوە، سەرجەم لایەنەکانی شارستانی، پەروەردە، ئابووری، ڕۆشنبیری کوردستان بە گشتی و ڕواندز بە تایبەتی گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی بە هەماهەنگی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی کورد(سەلیم، ٢٠٢٤، ل٦١-٦٢)، دواتر حکومەتی عێراق ئەوەی سەلماند کە جگە لە نیازپاکی سەرەتایی و کاتی بۆ ڕێککەوتنەکە هیچ ئامانجێکی دیکەی نەبووە، کە ئەوکاتە حکومەتی عێراق گیرۆدەی چەند کێشەیەک بووە، بۆیە ئەو سیاسەتەی پەیڕەو کردووە(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ل٥٠-٥٤)، وە ئەو سیاسەتەی بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی خەڵکەکە بووە تا لە شۆرشی چەکداری دووریان بخاتەوە، لەو پێناوەدا چەند هەوڵێکیشی داوە بۆ لێکترازانی سەرکردایەتی سیاسی کورد، کە هەریەکە لە(عەزیز عەقراوی، ئیسماعیل مەلا عزیز و هاشم عەقراوی)[٤] جیابوونەوەی خۆیان لە ڕیزەکانی (پ.د.ك) ڕاگەیاند، پاڵیان دایە لای حکومەتی عێراق (ڕێباز، ٢٠٠٨، ل٣٣؛ محمد، ٢٠٢٢، ل١١٣).

هەندێک لە لێکەوتە ئەرێنیەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ کورد بریتی بوو لە گەڕانەوەی فەرمانبەران بۆ سەر کاری پێشوویان لە ڕواندز لەوانە(زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی)، وە گەڕانەوەی دوورخراوەکان لە باشووری عێراقەوە بۆ ڕواندز لەوانە(سەبری نەجیب)، هەروەها چەکدارانی کوردی ناو سوپای عێراق بڕیاری لێخۆشبوونیان بۆ دەرچوو لەلایەن مەلا مستەفا بارزانی، لە ئەنجامدا چەند کەسێک سودمەند بوون لەو بڕیارە لە ڕواندز لەوانە(کوردۆی نوری باویل ئاغا)، یەکێکی دیکە لە بڕیارە ئەرێنییەکان بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی سەرکردایەتی کورد، فاخیر مێرگەسۆری وەک نوێنەری مەلا مستەفا بارزانی توانی باڵی مەکتەبی سیاسی ڕازی بکات بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو ڕێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان(مێرگەسۆری، ١٩٩٧، ل٥٠؛ میران، ٢٠٠٥، ل٩٧؛ دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ل٣٧١)، بەڵام هەندێکیان دژی ئەو لێخۆش بونە بوون لەوانە حوسێن ئاغا سورچی بەبڕیاری وەزارەتی ناوخۆ گوازرایەوە بۆ شاری مووسڵ، وە ئەسعەد ئاغای شێتنێ لە ڕواندز بەبڕیاری هەمان وەزارەت گوازرایەوە بۆ شاری بەغداد(عەقراوی، ٢٠١٤، ص ص٣٠٥-٣٠٦-٣٠٩)، بە بڕوای ئێمە بۆیە حکومەت ئەو بڕیارانەی دەرکردووە تا ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە نەبنەوە.

ئەو بارودۆخەی کە هاتبووە ئاراوە لەدوای چوار ساڵدا، (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)[٥] لە عێراق جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری یەک لایە و بەپێی یاسای ژمارە(٣٣) مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد ڕاگەیاند(الواقع العراقية(الجريدة)، عدد٢٣٢٧، ١١أزار ١٩٧٤، ص١-٧)، ئەگەرچی سەرکردایەتی شۆرشی کورد داوایکرد کە ئەم کارە دوابخات بۆ ماوەی یەک ساڵ، بە ئامانجی یەکلایی کردنەوەی بەندە نهێنییەکان و هەندێک کێشە، کە

پێشتر باسمان کرد، بەڵام حکومەتی عێراق داوای لە سەرکردایەتی کورد کرد لە ماوەی (١٥) رۆژدا ئەو پرۆژەیە پەسەند بکەن(الجمهورية (الجريدة)، عدد١٩٦٥، ١٩٧٤/٣/١٣).

ئەو شێوازە ڕاگەیاندنەی حکومەتی عێراق هەر سەرەتاوە ئامانجی ڕاگرتنی شەڕ بۆ رێکخستنەوەی توانا سەربازی و ئابوورییەکانی بوو، جێبەجێنەکردنی ئەو داوایە وەک کارتێکی فشار بەکاردەهێنا بۆ ڕاگەیاندنەوەی شەڕ دژی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان(عێراق)، سەرکردایەتی کورد لە ١٤ی ئادار لە گەڵاڵە کۆبونەوە، پرۆژەکەیان رەتکردەوە(رێباز، ٢٠١٧، ل٣١)، لە ئەنجامی نارەزایی سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی شۆڕشگێرانی کورد، شەری چەکداری دژی حکومەتی عێراق[٦] سەریهەڵداوە کە بۆ ماوەی یەک ساڵ بەردەوام بوو(سەلیم، ٢٠٢٤، ل٦٧-٦٩؛ دەرگەڵەیی، ٢٠٢١، ل٢٧١-٢٧٤) سوپای عێراق دەیویست شوێنە ستراتیژیەکان کۆنترۆڵ بکات یەکێك لە ناوچەکان ڕواندز بوو، چونکە دەستگرتن بەسەر ڕواندز گرنگ بوو، لەبەرئەوەی شوێنەکەی کەوتۆتە سەر رێگای هاملتۆن ئەم رێگایە لە هەولێر تا سنووری ئێران درێژ دەبێتەوە (بینغیو، ٢٠١٤، ص١٦٦)، بۆیە حکومەتی عێراق لە ڕواندزەوە تا چۆمان هەرەشەکانی دەستی پێکرد، چونکە ئەو ناوچەیە کە رێگای سەرەکی هاتووچۆ و دابینکردنی ئازوقە و داهاتی شۆڕش بوو(مەکداول، ٢٠٠٥، ل٥٥٣)، هەروەها گرتنی گەلی عەلی بەگ گرنگ بوو، چونکە کلیلی گەیشتنە بە حەوزی ڕواندز، بۆیە سوپای عێراق بە فرۆکە بۆردومانی دەکرد(الغيطاني، بدون سنة، ص٨٥).

حکومەتی عێراق لە ١٨ی ئاب بە بلدۆزەر توانی بەردەکانی رێگای نێوان کۆرەك و بیخاڵ لابدات، چونکە پێشمەرگە لە بێخاڵ نەبوون هەروەها بە هاوکاری پسپۆرە جەنگیەکانی سۆڤیەت لە کۆرەك بەرەو بێخاڵ چوون و کونترۆلی ڕواندز و دەشتی دیانەیان کرد، پێشمەرگە کشانەوە بۆ چیای گۆرەز و ڕواندز، وە شەڕ لە چیایی هەندرێن و زۆزك و گەرووی هۆمەر ئاغا سەختر دەبوو(عەباس، ٢٠١٢، ل١٧؛ عقراوی، ٢٠١٤، ص٣٧٩؛ عەبدولقادر، ٢٠٢٠، ل١٩٣)، لەئەنجامدا بووە هۆی شەهیدبوونی چەند پێشمەرگەیەکی ڕواندزی لەوانە(ساڵح ئاکۆیی، مستەفا جەعفەری باوکی سەید رێباز، سەید عەلی، حەمە زیاد) (چاوپێکەوتن، سەیید رێباز مستەفا، ٢٠٢٤/٩/٢٣؛ چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠).

**تەوەری یەکەم: ناساندنی کۆچکردن و جۆر و شێوە و هۆکارەکانی.**

بەدرێژایی مێژوو چەند شێوە و جۆرە کۆچێکمان هەیە کە بە تاک یان بەکۆمەڵە کە(خێزان، خێڵ، گرووپ) دەگرێتەوە(قوربانی، ٢٠٠١، ل٥)، هەر جێگۆرکێیەکی شوێنی نیشتەجێ بوون کە یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، جۆرێکە لە کۆچکردن، کە ئەویش چەند بنەمایەکی هەیە، لەوانە کۆچی ئارەزوومەندانە کە کاتییە بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی ژیانە وەک کۆچی وەرزی رەوەندەکان یان بەدەستهێنانی بڕوانامە یان گرێبەستی کار، لەوانە کۆچی مێژوویی بەریتانی و ئیسپانییەکان بۆ کیشوەری ئەمەریکا کاتێک کە دۆزرایەوە (قوربانی، ٢٠٠١، ل ٧-٨)، کەچی هەندێکیان ناچارییە وەک ڕاگواستنی کۆیلە رەشپێستەکان بۆ کیشوەری ئەمەریکا و ئەوروپا(میهرپەروەر، ٢٠٠٨، ٦٩).

سەبارەت بە شێوەکانی کۆچکردن لە مێژووی هاوچەرخی کورددا دوو شێوەمان هەیە (ناوخۆیی، دەرەکی)یە، شێوەی یەکەم ناوخۆییە کە مەبەست لێی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوونە بەویستی مرۆڤ یان بەبێ ویستی مرۆڤ لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا، بەو واتایەی لەو سنوورە جوگرافییە دەرناچێت کە جیاوازییەکی گەورە لەسەر ژیانیان دروست بکات(قوربانی، ٢٠٠١، ل٩-١٠؛ ئیزەدی، ٢٠٠٧، ل٢١٦؛ عەبدوڵلا، ١٩٩٨، ل٢٧).

کەچی شێوازی دووەم کە کۆچکردنی دەرەکییە بە واتای جێهێشتنی زێد و نیشتمانی باب و باپیرانە، واتا گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێ بوون لەژێر دەسەڵاتی یاسایی وڵاتێک دەچێتە ژێر دەسەڵات و یاساکانی وڵاتێکی دیکە، لەبەر هۆکارێک یان چەند هۆکارێک، بە واتایەکی دیکە پەڕینەوەیە لە سنوورانەی کە بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دیاریکراوە (قوربانی، ٢٠٠١، ل٦)، لەوانە ڕێڕەو و ڕۆیشتنی مەلا مستەفا بارزانی و هاوەڵانی سەرەتا بۆ کۆماری کوردستان لە مەهاباد، دواتریش کە کۆمارەکە بە پیلانی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕووخا، ڕێپێوانیان بەرەو یەکێتی سۆڤیەت ئەنجامدا(بارزانی، ب١، ١٩٣١-١٩٥٨).

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە کۆچی بەکۆمەڵی ناچارییە کە ئامانج لێی پاراستنی ڕوح و گیانی تاکەکانە لەبەرامبەر پەیڕەوکردنی سیاسەتێک کە بەمەبەستی پاکتاوکردنیان لەڕێگەی سیاسەتێکی دوژمنکارانەی نەتەوەیەک یان دەسەڵاتدارێک جا بەرامبەر نەتەوە یان گروپێکی بچوکی دیکە بێت ئەنجامی دەدەن، کە ئەو کۆچکردنە ناچارییە تەنها جوڵەیەکی دانیشتووان نەبووە، بەڵکو دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو فشارە سیاسی و سەربازیانە بووە کە بەسەر ئەم نەتەوەیەدا سەپێنراوە(قانیع، ٢٠٠٥، ل١٤)، وەک ئەو بارودۆخە سیاسییەی لەدوای ئەو ڕێککەوتنە هەرێمییەکەی نێوان عێراق و ئێران بەسەرپەرشتنی ڕاستەوخۆی جەزائیر مۆرکرا، کە بە ڕێککەوتنی جەزائیر ناسراوە(حبیب، ٢٠١٣، ص١٩٤).

سەبارەت بە هۆکارەکانی کۆچکردنی بە کۆمەڵ، خۆی لەچەند هۆکارێک دەبینێتەوە لەوانە بەهۆکاری سروشتی کە(بومەلەرزە، بورکان، زریان و بەرزبونەوەی ئاستی ئاوی دەریاکان) دەبینێتەوە، کە ئەمە زیاتر لە چاخە سەرەتاییەکان بووە(قوربانی، ٢٠٠١، ل٨)، یان هۆکاری ئایینی وەک کۆچکردنی پێغەمبەری ئیسلام(محەمەد د.خ) لەگەڵ هاوەڵانی بە فەرمانی خوای گەورە لە شاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە، کە مەبەست لێی پاراستنی گیان و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام بووە(صلابی، ٢٠٠٩، ل٣٧٣و دواتر)، یان ئەو کۆچی جووەکانی جیهان، کە جووەکانی کوردستانیشی[٧] گرتەوە دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل لەساڵی ١٩٤٨ ڕاگەیەنرا(زاکین، ٢٠١٥، ل٣٩٦-٣٩٧).

کۆچکردن بەهۆی گەشەسەندنی دانیشتوان واتا بەرزبونەوەی ڕێژەی دانیشتوان، یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی کۆچ کە کار دەکاتە سەر بڕ و ڕێژەی ئاستی بژێوی ژیان، کە ئامانجی بەدەستهێنانی گوزەرانێکی باشتر پاڵیان پێوە دەنێت کە کۆچ بکەن بۆ شوێنێکی دیکە بە ئامانجی ژیانێکی باشتر تا لە خۆشگوزەرانی بژین(عەبدوڵلا، ١٩٩٨، ل٣١).

خراپی بارودۆخی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەناوچەیەک یان وڵاتێک، بەمەبەستی فەراهەمکردن و مسۆگەرکردنی ژیانێکی هێمن و ئارام خەڵک بەتاک یان بە کۆمەڵ کۆچ دەکەن،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەم جۆرە کۆچە زیاتر لەدوای جەنگە گەورەکانی وەک جەنگی یەکەمی جیهانی و جەنگی دووەمی جیهانی پەرەی سەندووە، کە ئاراستەی رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوایە، کە ئامانجی جۆراوجۆری لە پاڵ بووە لەوانە کرێکاری لە پێناو ژیانێکی باشتر یان وەک پەناهەندەی سیاسی بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی ئارام یان وەک قوربانییەکی مرۆیی بۆ رزگاربوون لە دەست دەسەڵاتێکی چەوسێنەر کۆچیان کردووە (قانیع، ٢٠٠٥، ل٣٢).

هۆکاری ئابووری بە یەکێک لە هۆکارەکانی کۆچکردن دادەنرێت، حکومەتی عێراق بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان سیاسەتی 'برسیکردن و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری" پەیرەو کردووە، بۆیە خەڵکی ناچار بە کۆچکردن کردووە، لە پێناو ژیانێکی باشتر یان دەستمایە و دەسکەوتێکی زیاتری ئابووری، کە کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕینی ئاستی بژێوی ژیانی ئەو تاکە یان ئەو کۆمەڵە خەڵکە (میهرپەروەر، ٢٠٠٨، ل١٣-١٦؛ قوربانی، ٢٠٠١، ل٢٠-٢١).

کەچی یەکێک لە هۆکارە هەرە کاریگەرەکان لەمێژووی نەتەوە گەورە بێ دەوڵەتەکان هۆکاری سیاسییە، بەتایبەتی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە نموونە لە عێراق بە یەکێک لە هۆیەکان دادەنرێت بۆ کۆچکردنی نەتەوەی کورد لە ناوخۆ یان کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری کورد بۆ دەرەوەی عێراق وەک پەنابەری سیاسی، بەهۆی پێشلکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لەلایەن حکومەتەکانی عێراق لە باشووری کوردستاندا، ئەو حکومەتانە دووچاری کۆمەڵێک راپەرینی چەکداری ناوچەیی وەک راپەرینی (ئیبراهیم خانی دەلۆ)[٨] لە گەرمیان، شۆرش و راپەرینەکانی شێخ مەحموود لە سلێمانی[٩]و زنجیرە شۆرشەکانی بارزان (شۆرشی یەکەمی بارزان لەساڵانی ١٩٣١-١٩٣٢ و شۆرشی دووەمی بارزان لە ساڵی١٩٤٥) لە هەولێر[١٠].

کە هەموو ئەو راپەرین و شۆرشانە ئامانجیان بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی کورد بووە لەناوچەیەکی دیاریکراو، بەڵام ئەوەی شۆرشی ئەیلول بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) کە لە ١١ی ئەیلولی١٩٦١ سەریهەڵدا[١١]، لەوانی پێش خۆی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو شۆرشە سەرتاسەری کوردستانی گرتۆتەوە لە زاخۆوە تا خانەقین واتا(هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک و ناوچەی گەرمیان)ە، ئەو ناوچانە بوونە سەنگەری پێشمەرگە و مەیدانی شەڕ، لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی(جوتیار، کرێکار، عەشایەر، تا خوێندەوار و نەخوێندەوار، کادیری زۆربەی حزبەکان و ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای عێراق) تێیدا بەشدار بوون، ئەمە جگە لە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان، ئەم شۆرشە ئامانجی لە داوایەکی ناوچەییەوە گۆڕی بۆ داوایەکی نەتەوەیی فەرمی کە ئەویش "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق" بوو، حکومەتی عێراقی ناچار کرد بۆ یەکەمجار لە رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠دا دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا بنێت (حبیب، ٢٠١٣، ص١٩٤)، ئەمە لە رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەکات رەنگی داوەتەوە (بەیان، ژمارە(٣)، ل١)، بەیەک گەیشتنی هەردوولا بۆ رێکەوتنەکە لە ١٩٧٠/٣/٩ لە رواندز بووە دواتر کۆبۆنەوەکان لەناوپردان کراوە(دزەیی، ٢٠١٥، ل٢٢٣؛ چاوپێکەوتن، عەقیلە رواندزی، ٢٠٢٤/٥/١٦).

سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە کورد گۆڕانکاری بەسەردا هات، لە شەڕی رووبەڕوو گۆڕا بۆ سیاسەتی ترس و تۆقاندن و تیرۆر لەوانە لێدانی شیوعیەکان لە کۆبونەوەی نەورۆزی ٢١ی

ئاداری ۱۹۷۰(حبیب، ۲۰۱۳، ص۲۰٤؛ ڕێباز، ۲۰۰۸، ل٤٨)، و هێرشی چەکداری بۆ سەر بارەگای(پ.د.ک) لە موسڵ کە ژمارەیەک پاسەوان کوژران(بارزانی، ب٣، ب٢، ل٥٢)، وە هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی (١٩٤٤-١٩٨٧) لە بەغداد لە شەوی ٧ی کانونی یەکەمی ۱۹۷۰ (محەمەد، ۲۰۱۹، ل١٦٧-١٦٨)، لەگەڵ هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی لەلایەن دەستەیەک لە مامۆستای ئاینی کە بە"پیلانی تۆمارکەرە بۆمبرێژکراوەکە"ناسراوە(بارزانی، ب٣، ب٢، ل٦٧-٧٢)، ئەمانە و چەندان نموونەی دیکە ئە ڕاستییە دەسەلمێنن.

جێی ئاماژەیە کوردستان لەژێر کاریگەری ململانێی وڵاتانی ناوچەیەکاندا بوو، بەهۆی ڕێککەوتنی جەزائیر بەشێوەیەکی کاتی ململانێ ناوچەیەکە کۆتایی هات لە حسابی گەلی کورد، کە بووە هۆی نەمانی پشتگیری دەرەکی[١٢]، چونکە شۆڕشی ئەیلول پشتی بە هاوکارییەکانی ئێران و هەندێک یارمەتی ئەمریکا دەبەست، بە کشانەوەی ئێران، شۆڕشی کورد لەلایەن سوپای عێراقەوە گەمارۆ درا(محەمەد، ۲۰۱۹، ل١٦٤-١٦٧)، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕش بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی بڕیاری وەستاندنی شەڕیدا، بۆ پاراستنی گیانی خەڵک لە کۆمەڵکوژی، ئەمەش بە "نسکۆ" یان "هەرەس" ناسراوە(بارزانی، ب٣، ب٢، ل١٨١-١٨٣)، بۆیەشە لەم قۆناغەدا کورد باجەکەی بە ئاوارەیی و کۆچی بەکۆمەڵی ناچاری داوە.

سەبارەت بە هۆکارەکانی کۆچکردنی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان بەگشتی و ڕواندز بەتایبەتی لەساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە چونکە ڕواندز بەگشتی و دۆڵی ئاکۆیان یان دۆراکۆ(ئاکۆیان، گەرەوانی سەروو، گەرەوانی خواروو، سەران، فەقیان،بنمێرد، بنەکاول، لۆغان، ئاکۆکەون و کەرەک) بنکە و بارەگای سەرەکی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی ئەیلول بووە، کە زۆرترین چالاکی چەکداریان تێدا ئەنجامدراوە، بۆیە زۆرترین زیانی گیانی و ئابووریشی لێکەوتۆتەوە، ئەمە جگە لە زیان گەیاندن بە سروشت و جوگرافیای ناوچەکە جا چ بە تۆپبارانکردنی فرۆکەی سەربازی (باجەر)، کە زیانی بە درەختە بەتەمەنە بەردارەکانی ناوچەکە گەیاندووە لەوانە لەناوبردنی داری گوێزی ڕەز و باخچەی(عەزیز ئەحمەد ئاکۆیی) لە کانی گۆرانگ یان لوغمرێژکردنی ناوچەکە کە تا ئێستاش ئەو کاریگەرییەی هەر ماوە، کە ئامانجیان لێکدابڕاندنی خەڵکی ڕواندز بووە لە بنکەکانی هێزی پێشمەرگە لە چیاکانی کۆرەک و هەندرێندا لەگەڵ گوندەکانی دۆڵی ئاکۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سیاستە نەبووە هۆی دابڕانی خەڵکی ڕواندز لەسەرکردایەتی شۆڕش لە دۆڵەکە، چونکە هاتووچۆ هەبووە، لەوانە سەردانی (بەهار و عەیشێ)ی خوشکی (ئەسعەد کاروانچی)[١٣] بۆ گوندی گەرەوان کە چوون و گەڕانەوەیان بەشەو بووە، بەمەبەستی هەواڵپرسین لە براو خزمەکانیان (چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠).

ئەو بارودۆخە سەربازییە بە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەو کۆچە بە کۆمەڵە ناچارییە دادەنرێت، چونکە دانیشتوانی ناوچەکە لەترسی بۆردومانی فرۆکەکانی حکومەتی عێراق و لەبەر سەلامەتی گیانی خۆیان نەیاندەتوانی بە ئازادی هاتووچۆ بکەن بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانەی خۆیان کە بریتی بووە لەکارکردنی ڕۆژانەی ناو ڕەز و باخچەکان، بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان لەڕێگەی فرۆشتنی داهاتی ئەو ڕەز و باخچانە، ئەمە وایکردووە بارودۆخی ئابووری خەڵک خراپ و خراپتر بێت، ئەمە جگە لەو هێرشە زەمینیانەی کە دەکرایە سەر ناوچەکە

بەهاوکاری و چاوساغی جاشەکان بووە(چاوپێکەوتن، عەبدوڵلا ئاکۆیی، ٢٠١٦/٤/١٤؛ چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠).

لە پەراوێزی کۆبوونەوەی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت(ئۆپیک) لە جەزائیر، لە نێوان سەدام حوسێن(جێگری سەرۆکی ئەوکاتی عێراق) و محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی(شای ئێران) بە نێوەندگیری سەرۆکی جەزائیر (هواری بۆمیدیەن) ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ مۆرکرا، لە ئەنجامدا شۆڕشی ئەیلول کە ڕابەرایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی لە باشووری کوردستان دەکرد، لەناوچوو(حاجی ڕەسوڵ، ٢٠٠٣، ل٣٣)، شایانی باسە دوای ڕێککەوتننامەکە حکومەتی عێراق لەجاران زیاتر پاڵەپەستۆی ئابووری و سەربازی خستبووە لەسەر کوردستان، بەهۆی ئەوگەمارۆیە برسیەتی لە ناوچە کوردییەکان بەگشتی سەریهەڵدا و لەو ناوچانەی کە بنکەی شۆڕش بوون زووتر و زیاتر بەدیار کەوت، لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەدا مەلا مستەفا بارزانی داوای لە شای ئێران کرد، پەنابەرە کوردەکان لە وڵاتەکەی قبوڵ بکات، ئێران داواکەی ناوبراوی ڕازی بوو، بۆیە هاوڵاتیانی کورد لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستان بە ڕواندزیشەوە ڕوویانکردە ئێران(بینغیو، ٢٠١٤، ص١٧٠-١٩٠).

**تەوەری دووەم: ئاوارە بوونی ڕواندزییەکان بۆ ئێران.**

حکومەتی عێراق نەیتوانی شۆڕش لەناو ببات بەچەک، ناچار پەنای بردەبەر ڕێکەوتننامە، ئەو ڕێکەوتنە وورەی پێشمەرگە دابەزاند و حکومەت توانی چیای زۆزك، هەندرێن و گەلاڵەی داگیر بکات(عقراوی، ٢٠٠٧، ص٤١١؛ الغيطاني، بدون سنة، ص٨٢-٨٥)، لە ئەنجامدا شۆڕشی ئەیلول هەرەسی هێنا و بووە هۆی ئاوارەبونی هەزارەها هاوڵاتی ئاسایی لە ژن و منداڵ و پیر و پەکەوتە جگە پێشمەرگە بۆ سنوورەکانی ئێران لەوانە(ئەحمەد حەسەن کاروانچی)[١٤]یەکێک بوو لە کەسە بە تەمەنەکانی ڕواندزکە تەمەنی لە سەرووی حەفتا ساڵی بوو ئاوارە بوو(چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠)، دوای ڕێکەوتنەکە حکومەتی ئێران بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی شۆڕش بەپەلە دوو بەتالیۆن لە هێزی تۆپخانە، چەکی دژە فڕۆکە و سەربازی کشاندەوە(ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل٣٨٣-٣٨٥)، کە ئەمە کاریگەری هەبوو لەسەر لاوازی و لەناوچوونی هێزی سەربازی شۆڕشی ئەیلول.

لە دەرهاویشتەکانی هەرەسهێنانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و پەرەسەندنی سەربازیانەی لەسەرەوە باسمان کرد، دوای ئەو ڕووداوانە، شەپۆلێکی بەرفراوانی ئاوارەبوونی ناچاریی دانیشتووانی ڕواندز بەرەو وڵاتی ئێران دەستی پێکرد، کە بە دوو قۆناغ بووە، لە دەستپێکی قۆناغی یەکەمدا خەڵکەکە لە ناوەندی شاری ڕواندز چوونە گوندەکانی دۆڵی ئاکۆیان(سەلیم، ٢٠٢٤، ل٩٠؛ عەبدوڵلا ئاکۆیی، ٢٠١٦/٤/١٤)، لەم قۆناغەدا هەندێکیان چوونە ماڵە خزم و هەندێکی دیکە پەنایان بردەبەر بن بەرد و ئەشکەوتەکان وەك ئەشکەوتی (چەکوەچیلێ)ی گوندی ئاکۆیان کە (١٨) ماڵ تێیدا نیشتەجێبووە(چاوپێکەوتن، عەبدوڵلا ئاکۆیی، ٢٠١٦/٤/١٤؛ چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠).

ئەمە جگە لە ئەشکەوتەکانی دەرگەڵە، باڵەکایەتی و بەرسیرین...هتد، یەکێک لە بنەماڵانە ماڵی(جەلال ئاغا) بوو چوونە ئەشکەوتی بەرسرین، جێی خەڵکی دیکەشیان کردەوە بۆ

ماوەی(٤٠)ڕۆژ مانەوە،(پەخشان جەلال ئاغا، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٠٢٤/٤/٩)، بەڵام بەهۆی بەردەوامی بۆردومانی فڕۆکەکانی حکومەت کۆمەڵێک بنەماڵەی دیکە ئاوارە بوون (چاوپێکەوتن، هاژە شێخ سلیمان، ٢٠٢٤/٩/٣؛ چاوپێکەوتن، کنیر جەمیل حەسەن ئاغا، ٢٠٢٤/٩/٣)، بەبڕوای ئێمە خەڵکی ڕواندز لە قۆناغی یەکەمی کۆچەکەیان بۆ ناوچە شاخاوییەکانی دۆڵی ئاکۆیان بووە، چونکە بڕوایان بە هێزی پێشمەرگە هەبووە کە ئەو بارودۆخە کاتییە و زوو تێدەپەڕێت، بەڵام بارودۆخی دواتری ناوچەکە ئەو بڕوابونەی نەهێشت.

تا دەهات بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەچوو و مەترسییەکان زیاتر دەبوون، بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق و ڕاگەیاندنی قبوڵکردنی کورد وەک ئاوارە لە ئێران، بەشێکی زۆری خەڵک بە هاوڵاتیانی ڕواندزەوە ئەو کۆچە ناچاریەیان دەست پێکرد، کە قۆناغی دووەمی کۆچەکەیایە، لە گوندەکانی دۆڵی ئاکۆیان تا سنوورەکانی ئێران خەڵک بەهۆی ئاژەڵی باربەری وەک (گوێدرێژ و وڵاغ) لەگەڵ بەشێکی کەم لە پێداویستی ڕۆژانەیان، لەوانە بنەماڵەی (مەلا عەبدوڵلا ئاکۆیی)[١٥]بە دوو وڵاخی (حاجی قادر ئاغای حمەدئەمین ئاغا) بە بەهای(١٦)دینار کە کرێگرتەی وڵاغەکان بوو لە نیسانی ١٩٧٥ لە گوندی ئاکۆیانەوە ڕۆیشتن تا گوندی سەران بەسەر چیای کارۆخ کەوت و پەڕینەوە بۆ گوندی دەرگەڵە، لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێل بەرەو چیای شیوەڕەش لە سنوری حاجی ئۆمەران چوون(چاوپێکەوتن، عەبدوڵلا ئاکۆیی، ٢٠١٦/٤/١٤؛ چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠).

هەندێک لە پێشمەرگەکان خۆیان لە شاخ مانەوە، لەترسی پەرچەکرداری حکومەت بۆ لێپرسینەوە لە خێزانەکانیان، بەناچاری ژن و منداڵەکانیان ئاوارەی ئێران بوون، لەوانە خێزانی (لوتفی عومەر ڕەشید ئاغا ڕواندزی)، ناوبراو لە کاتی پێویست و بە مۆڵەت سەردانی خێزانەکەی کردووە لە ئۆردوگاکانی ئێران بەبێ کێشەی پەڕینەوە لەسنوور، لەبەرئەوەی هاتووچۆ بۆ پێشمەرگە ڕێگەپێدراو بووە (چاوپێکەوتن، لوتفی ڕواندزی، ٢٠١٩/٣/١).

لەوێ ڕۆژێدا پێشمەرگەکانی کوردستان لەو پەڕی بێ هیوایی چەکەکانیان دەشکاند و فڕێیان دەدایە چەمی ناوپردان(ڕێباز، ٢٠٠٨، ل٤٢؛ چاوپێکەوتن، موسا خضر محەمەد، ٢٠٢٦/١/١٣) تەنانەت باس لەوە کراوە هەندێک پێشمەرگە لە داخی تێکچوونی شۆڕش خۆیان لەشاخ هەڵداوە تا بمرن، دەیانوت بمرین نەک بە چاو شۆڕی و شەرمەزاری سەنگەرەکانی بەرگری چۆڵ بکەین(چاوپێکەوتن، عەبدوڵلا ئاکۆیی، ٢٠١٦/٤/١٤؛ چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠).

بەهۆی ئەو کۆچە ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی ڕواندز مایەوە، کە هەریەکەیان لەبەر هۆکارێک بووە لەوانە(حەلیمە سەبری)بەهۆی چاوەڕێکردنی کوڕەکەی کە جێگری ئەفسەر بوو لە شاری بەسرە (پەخشان جەلال ئاغا، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٠٢٤) یان ئەوەتا توانای ماددیان لاوازبووە نەیاندەتوانی خەرجی ئەو کۆچە دابین بکەن، بەناچاری لە شوێنە سەخت و شاخاوییەکان خۆیان حەشار دابوو(چاوپێکەوتن، عەبدولرەحمان کەزیانی، ٢٠٢٥/١١/٢٢).

(مەحمود عەبدولرەحمان عەبدوڵلا) کە سەربازی حکومەت بوو لە حامیەی ڕواندز ووتی"لە ١٩٧٤/٨/١٨ واتا چوار مانگ دوای ئاوارە بوونی خەڵکی ڕواندز ئامر لیوایەکی سوپای عێراق


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

هاته ڕواندز که نزیکەی(٤٥)خێزان مابوونەوە، دواتر ئامر لیواکە کە (عەبدولکەریم حەمدان)بوو، خەڵکەکەی داوەت و ڕایگەیاند کە ئێوە گەلی ئێمەن و ئەزیەتتان نادەین، هەر لە دانیشتنەدا ڕاگەیاند کە چەکەکانی لاتان بفرۆشنەوە بە حکومەت، تەنانەت نرخی چەکەکانی ڕاگەیاند، بەڵام خەڵک هێندە بە پیر داواکە نەچوون(چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عەبدولرەحمان عەبدوڵلا، ٢٠٢٥/١٠/١)، بەبڕوای ئێمە ئەو پێشنیارەی حکومەت بۆ خەڵك دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی وازهێنان لە هێزی خەباتی چەکداری و شۆڕشگێری لە پێناوی ئەوەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی دووبارە نەبێتەوە ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکە حکومەتی عێراق بەرچاوی ڕوون بووە، کە ئەو شۆڕشە چەکدارییەی هەڵگیرساوە بە ئاسانی دانامرکێتەوە و ڕەنگە لە کاتێکی زۆر کەمدا ئەو شۆڕشە کڵپە بسەنێتەوە، بۆیە هەوڵی کەمکردنەوە و لەناوبردنی چەک و کەرەستەی سەربازی لەناوچەکە داوە.

بەدرێژایی ڕێگا بەرەو ئێران جگە لە سەختی ناوچەکە هیچ جۆرە گرفتێکی دیکەیان نەبووە تا کۆتا خاڵی سنووری نێوان عێراق و ئێران، لەوێدا بەهۆی زۆری ژمارەی خەڵک و ناونوسکردنیان بۆ پەڕینەوە بۆ ناو سنورەکانی ئێران، کاتی ویستووە، ئەمە بۆتە گرفت بۆ خەڵکەکە بەتایبەتی کە ناوچەکە شاخاوی و پڕ بەفر بووە، چونکە لەناوەڕاستی وەرزی بەهار بووە (چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠).

دوای گەیشتنی ئاوارەکانی ڕواندز بۆ ئێران ئامادەکاری کرابوو وەک دابینکردنی خانوو و پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان، بەڵام بەهۆی زۆری ڕێژەی ئاوارە ژمارەیەکی زۆریان لە ژێر خێمە نیشتەجێ بوون لە شارەکانی(زێوە، شنۆ، نەغەدە، سەردەشت، ...هتد)، کە لە ئۆدوگاکانی (زێوە، بابك، ڕەبەت، نیلوان، بەهرام، مەرگەوەر، سەراو گەرم، سەراو بلە)بوون(چاوپێکەوتن، عەبدوڵلا ئاکۆیی، ٢٠١٦/٤/١٤؛ چاوپێکەوتن، سەید ڕێباز مستەفا، ٢٠٢٤/٩/٢٣)، بنەماڵەی جەمیل ئاغا لە زێوە بوون (چاوپێکەوتن، کنیر جەمیل ئاغا، ٢٠٢٤/٩/٣) وە بنەماڵەی وەهاب ئاغا لە زێوە بوون، ماڵی شێخ سلێمان مستەفا لەماڵی خزمێکیان لە شنۆ مانەوە(چاوپێکەوتن، ئازاد جوندیانی، ٢٠٢٤/١١/٥)، تاهیر عەبدولرەحمان عەبدوڵلا لە ئۆردوگای بابك(چاوپێکەوتن، تاهیر عەبدولرەحمان عەبدوڵلا، ٢٠٢٤/٩/٢٣) و هەندێکی دیکە لە ئاوارەکان لە ئۆردوگای زێوە گوازرانەوە بۆ کەرەج لەوانە بنەماڵەی سەید سەلیم بوو(سەلیم، ٢٠٢٤، ل٩٣).

دابەشکردنی پەنابەران بەشێوەی هەرەمەکی بووە، چونکە ڕەچاوکردنی پەیوەندی عەشایەری و خزمایەتی و تەنانەت خێزانداریشیان نەکرد بوو(دزەیی، ٢٠١٥، ل٤٣)، دەکرێت ئەو سیاسەتەی ئێران بە پاڵەپەستۆیەکی دەروونی لێک بدەینەوە کە لە سەرەتاوە پێش هاتنیان حکومەتی ئێران کاری لەسەر کردووە، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا ئاوارەکان بگەڕێنەوە عێراق، ئەگەر ووردبینەوە لەدابەشکاری ئاوارەکان، دەبینین حکومەتی ئێران ئەو بنەماڵانەی پلە و پایەی سیاسی و سەربازیان هەبووە لە کەرەج و تاران نیشتەجێی کردن، بۆ ئەوەی ئاگاداری چالاکییان بێت و پەیوەندی لەگەڵ ئاوارەکانی دیکە دروست نەکەن، تا مەترسی نەخەنە سەر ئاسایشی ناوخۆی ئێران.ئ

ئەگەرچی ئاوارە کوردەکان هەموو مەرجێکی پەنابەری سیاسییان تێدا بووە، بەڵام ئێران سیفەتی پەنابەری سیاسی پێ نەبەخشیوون، بۆ ئەوەی بە ئاسانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات (دزەیی، ٢٠١٥، ل١٨)، لەماوەی مانەوەییان لە ئۆردوگاکاندا، چونکە بە ڕێککەوتن لەوێ ببوون بارودۆخی ئابوورییان باش بووە، چونکە هەفتانە کەلوپەل و پێداویستیەکانان بەسەردا دابەشکراوە لەڕێی بریکارەکانەوە یەکێک لەوانە(عومەرە فەندی)[١٦]بووە (چاوپێکەوتن، عەبدوڵلا ئاکۆیی، ٢٠١٦/٤/١٤؛ چاوپێکەوتن، لوتفی ڕواندزی،٢٠١٩/٣/١)، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جموجۆڵ و دەرچوونەکیان لەناو کەمپەکان لەژێر چاودێری و ئاگاداری حکومەت بووە(سەلیم، ٢٠٢٤، ل٩١؛ چاوپێکەوتن، عەبدوڵلا ئاکۆیی، ٢٠١٦/٤/١٤؛ چاوپێکەوتن، فەرهاد جەمیل حەسەن، ٢٠٢٥/٢/١٨) کە ئامانج لێی دروست نەبوونی پەیوەندی نێوان کوردەکانی باشووری کوردستان و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد وە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکا کاریگەری لە ناوچەکە دروست بکەن و ئەو شۆڕشە چەکدارییە بۆ ناو ئێران بگوازرێتەوە.

پرۆسەی خوێندن بۆ منداڵە ئاوارەکان دەستی پێکرد، کە بە زمانی کوردی بوو بەشێک لە مامۆستا ئاوارەکان دەرسییان دەوتەوە لەوانە مەلا عەبدوڵلا ئاکۆیی وانەی ئایین(چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠) و عەقیلە ڕواندزی(چاوپێکەوتن، عەقیلە ڕواندزی، ٢٠٢٤/٥/١٦)، حەسیبە نەجات ڕواندزی، پیرۆز کۆیی وانەیان دەوتەوە(چاوپێکەوتن، بەدیعە عومەر یوسف، ٢٠٢٤/٤/٣٠؛ چاوپێکەوتن، فەرهاد جمیل حەسەن، ٢٠٢٥/٢/١٨؛ چاوپێکەوتن، مصلح سەید جەبار، ٢٠٢٥/٨/٢٨)، لەگەڵ مامۆستایان فؤاد زوبیر ڕواندزی وانەی بیرکاری و مامۆستا شەفیق و محەمەد سەعید کۆیی وانەی فیزیا و کیمیایان دەووتەوە(چاوپێکەوتن، فەرهاد جەمیل حەسەن، ٢٠٢٥/٢/١٨؛ چاوپێکەوتن، فەرهاد شاکر مەجروم، ٢٠٢٤/١٠/٣١)، لە ئۆردوگای زێوە قوتابخانە کرایەوە، بۆ قۆناغی سەرەتایی قوتابخانەی بابە گوڕگوڕ کە مامۆستا فەرهاد شاکر مەجروم بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بووە، قوتابخانەی زمناکۆ بۆ قوناغی ناوەندی کرایەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد جوندیانی، ٢٠٢٤/١١/٥؛ چاوپێکەوتن، بژار نوری سەعید، ٢٠٢٥/٨/١١) قوتابخانەکان بینایان نەبوو، بەڵکو بە حەسیر و دینگە پۆل و تەختە ڕەشیان ڕێکخست بوو(چاوپێکەوتن، مصلح سەید جەبار، ٢٠٢٥/٨/٢٧).

کەچی لە ئۆردوگای ڕەبەت قوتابخانەکە ناوی کۆڕەك بوو کە بەڕێوەبەرەکەی نوری سەعید بوو(چاوپێکەوتن، بژار نوری سەعید، ٢٠٢٥/٨/١١)، وە لە کەرەجیش قوتابخانە هەبووە، کە ساجیدەی خێزانی سەلاح ڕواندزی وانەی دەوتەوە(ڕواندزی، ٢٠٢٣، ل١٧٨) لە ئۆردۆگای بابك مامۆستانی فارس وانەیان دەووتەوە، بەڵام حکومەتی ئێران وەک پێویست بایەخی بە قوتابیە ئاوارەکان نەدەدا (ماویلی،٢٠١٨، ل١٣).

ساڵی یەکەمی خوێندن لە کەرەج بۆ قوتابییە ئاوارەکان سەخت بوو، چونکە لەگەڵ قوتابیانی ئێران بە جلی یەکپۆش و بە زمانی فارسی دەیانخوێند(سەلیم، ٢٠٢٤، ل٩٤-٩٥)، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵی پەنابەران لە قوتابخانەکانی ئێراندا توانیان بەهرەی خۆیان پیشان بدەن و لە زۆربەی قوتابیە ئێرانییەکان سەرکەوتووتر بوون(دزەیی، ٢٠١٥، ل٦٢)، کەچی قوتابییە ئاوارەکان بە جلوبەرگی بێسەروبەری کوردی بوون، تا لەڕێی کۆمپانیایەك بیست دەستە جل بۆ قوتابیە ئاوارەکان دابینکرا، کەچی ژمارەی قوتابیان بیست و دوو قوتابی بوون، بڕیار درا جلوبەرگ نەدرێتە کوڕی بەرپرسەکان، کە کوڕەکانی سەید سەلیم بوون وەریاندەگرت(سەلیم، ٢٠٢٤،

ل٩٤-٩٥)، بەڵام دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق ئەم ساڵەی خوێندن هەژمار نەکرا(چاوپێکەوتن، فەرهاد جمیل حەسەن، ٢٠٢٥/٢/١٨؛ چاوپێکەوتن، ئازاد جوندیانی، ٢٠٢٤/١١/٥؛ چاوپێکەوتن، بەدیعە عومەر یوسف، ٢٠٢٤/٤/٣٠؛ چاوپێکەوتن، مصلح سەید جەبار، ٢٠٢٥/٨/٢٨).

بنکەی تەندروستی لە ئۆردوگاکان هەبووە کە دکتۆری فارس و ئاوەرەکان کاریان تێدا دەکرد، بەڵام خزمەتگوزارییەکانی ئەو بنکانە سنوور دار بووە کە تەنها بۆ نەخۆشییە سوکەکان بووە(چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد جوندیانی، ٢٠٢٤/١١/٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ بژار نوری سەعید، ٢٠٢٥/١١/٥)، چونکە قوتابیەك کە پێی شکا باوکی پارەی نەبوو چارەسەری بکات تا گەڕانەوە کوردستان بەوشێوەیە مایەوە(ماویلی،٢٠١٨، ل١٣).

ئاوارەکان بەگشتی خێرا خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران گونجاند، ئەوەی جێی ئاماژەیە هەر کارێکیان پێ بسپێردرابایە بە باشی جێبەجێیان دەکرد، ئەگەر چی کرێی ڕۆژانەیان لەچاو کرێکارە ئێرانییەکان کەمتر بوو(دزەیی، ٢٠١٥، ل٦٢)، زۆری نەبرد حکومەتی ئێران ئاوارەکانی کەرەج و تارانی خستەسەر کار لە کارگەی پێلاوی(کەفشی میللی)، ئاوارەکانی کەرەج لەبەرئەو ئاژاوەی(نارەزایی و خۆپیشاندان) کە دروستکرد بەهۆی دەستگیر کردنی(سەید عومەر و سەید سەلیم)، ڕێگای تاران-کەرەجیان گرت، لە ئەنجامدا هەردوو برا ئازاد کران، ئیتر دوای ئەم ڕووداوە ئێران بڕیاری ڕاگواستن و پەرتەوازە کردنی بۆ شارەکانی ئێران جێبەجێ کرد (سەلیم، ٢٠٢٤، ل٩٤-٩٦)، خستنە سەرکاری ئەو ئاوارانە بۆ دوورخستنەوەیان بووە لە کاری سیاسی.

جێی ئاماژەیە لە خورم ئاباد خۆپیشاندان لەلایەن ئاوارەکان ئەنجامدرا، ساواکی ئێران جەلال بەگی بۆ تاران بانگ کرد و دەستگیریان کرد، بەتۆمەتی ئەوەی دەستی لە خۆپیشاندانەکە هەبووە، دواتر ئێران ڕەوانەی زیندانی دیوانیەی کرد، بنەماڵەکەی ئەم هەواڵەیان لە ڕێگای عزەت دەرگەڵەیی بیست کە باوکیان گیراوە، بۆیە بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ عێراق دا و حکومەت عێراق دووریخستنەوە بۆ ناسریە، بەهۆی مەلا ماتۆر(عەبدوڵا ئیسماعیل ئەحمەد ١٩٢٧-٢٠٠٠ ) گوازرانەوە بۆ بەغداد و باوکی ئازاد کرا، دەستیان کرد بە خوێندن و لە ساڵی١٩٧٧ گەڕانەوە هەولێر(چاوپێکەوتن، سوپەر جەلال دەرگەڵەیی، ٢٠٢٥/٩/٢٩).

ئێران زۆر پاڵەپەستۆی خستە سەر عێراق بۆ گەڕانەوەی پەنابەرەکان، لەبەرئەوە عێراق هیچ بژاردەی دیکەی لەبەر دەست نەبوو، بۆیە بڕیاری لێبوردنی گشتی دەرکرد(بینغیو، ٢٠١٤، ص٢٨٤) هەروەها شای ئێران لە تاران چاوی بە مەلا مستەفا بارزانی و شاندێکی یاوەری کەوت لە ٩ی ئاداری١٩٧٥. شا بەڕاشکاوی و ساردییەوە ئەم چەند خاڵەی پێ ڕاگەیاندن لەگەڵ عێراق ڕێککەوتووم و لەم ساتەوە هیچ جۆرە هاوکارییەکی سەربازی و دارایی پێشکەش بە شۆڕش ناکەم، هەروەها سنوورەکان بەڕووی چەک و تەقەمەنیدا دادەخرێن و تەنیا بۆ مەبەستی مرۆیی دەکرێنەوە، ئەو کەسانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە عێراق، دەتوانن تا ڕێکەوتی ١ی نیسانی ١٩٧٥ سوود لە لێبووردنە گشتییەکەی عێراق وەربگرن(بارزانی، ب٣، ب٢، ل٢١٦-٢٢٠)، وە ئەو کەسانەی لە ئێران دەمێننەوە، دەبێت چەکەکانیان تەسلیم بکەن و وەک پەنابەری ئاسایی لەو شوێنانەی دەوڵەت دیارییان دەکات نیشتەجێ بن، بەبێ ئەنجامدانی هیچ چالاکییەکی سیاسی، یان بگەڕێنەوە عێراق یان بە تەنیا ڕووبەڕووی سوپای ئێران ببنەوە(دزەیی، ٢٠١٥، ل١٦٠).

بڕیارەکە بەژمارە (٣٨٨)لە ٦ی نیسانی١٩٧٥ دەرچوو بۆ خەڵکی سیڤل و سەربازی، بە مەبەستی گەڕانەوەی زیاتری ئاوارەکان بڕیارەکە لە (٤/٣٠ تا ١٩٧٥/٥/١٨) درێژ کرایەوە (جبار&جامباز، ٢٠٢٣، ص١١٣-١١٦؛ دزەیی، ٢٠١٥، ل٢٤)، وە بڕیار درا بۆ گەڕانەوەی موڵك وماڵی گوازراوە و نەگوازراوە بۆ ئەو کوردانەی لە ڕووداوەکانی باشووری کوردستان بەشدارییان کردووە، لێخۆشبوونەکە پاسەوانی سنووریشی گرتەوە کە لە خزمەتی سەربازی ڕایان کرد بوو (جبار&جامباز، ٢٠٢٣، ص١٢٠- ١٢٢).

بەرپرسانی بەغداد مەلا مستەفا بارزانییان بە کۆسپی گەورەی نەگەڕانەوەی خەڵکەکە دەزانی، بۆیە شای ئێران لەسەر داوای بەرپرسانی عێراق داوای لە بارزانی کرد یەکێک لە باوەڕپێکراوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی ئێران لەناو ئۆردوگاکان بسوڕێتەوە و ڕایبگەیەنێت کە بارزانی لاری نییە لەگەڕانەوەیان، (موحسین دزەیی) بەو کارە هەڵسا و لەناو ئۆردوگاکان سوڕایەوە کە سڵاوی مستەفا بارزانی پێدەگەیاندن دەبووە چەپڵە لێدان و هوتاف کێشان بۆ ژیانی بارزانی و پێ ڕایگەیاندن: (بارزانی لە گەڕانەوە ئازادی کردوون، بەڵام ئێمە هیچ بەرپرسیارییەتێک لەسەر هەر دەرئەنجامێکی خراپ بە ئەستۆوە ناگرین)، بێ متمانەیی ئەوسای تاکی کورد گەیشتبووە ڕادەیەک لەهەندێک ئۆردوگا وەک ئۆردوگای ڕەوانسەر کە زۆربەی قوتابی زانکۆ و خاوەن بڕوانامە بوون، کە گوێیان لە قسەکانی نوێنەری بارزانی گرت، وایان بیرکردەوە کە حکومەتی عێراق ئەوانی ناردووە تا ڕازیان بکات بۆ گەڕانەوە، بۆیە دەستیان بە نانەوەی ئاژاوە کرد، بەڵام کە لە بارودۆخەکە تێگەیشتن هێور بوونەوە (دزەیی، ٢٠١٥، ل٤٠-٤١؛ چاوپێکەوتن، لوتفی ڕواندزی، ٢٠١٩/١/٣).

ئەگەر ووردبینەوە ئاوارەکان بە گشتی و ڕواندزییەکان بەتایبەتی بوونە چوار گروپ، گروپی یەکەم کە گەڕانەوە بەهۆی لێبوردنە گشتییەکە، ئەوانە هیچ کێشەیەکی سیاسی و یاساییان نەبوو هەر لە ڕواندز دانیشتەوە و کاری خۆیان کرد، ئەوانەی یەکەم کەس گەڕانەوە ڕواندز (ممدوح مزوری، حەبیب چایەچی...هتد)، کە گەڕانەوە تەنها ماڵی سۆری کە سێ کەس بوون لەگەڵ سوپا لە ڕواندز بوون (مزوری، ٢٠٠٥، ل٣٧١)، بەپێی بڕووسکەی ژمارە(١٥٢/١) لە ٢٦ی ئاداری١٩٧٥ دەرچووە، بۆ هەموو ئەوانەی دوای لێخۆشبوونی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ گەڕانەوە سەر کارەکانیان ناوەکانی بنێردرێت بۆ سەرجەم وەزارەتەکان، بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی گەڕانەوەیان(تعاميم رئاسة ديوان رئاسة الجمهورية ١٩٦٨-١٩٧٧،م١، ص٣٣٥).

دواتر لە ١٩٧٥/٥/٧ بە نووسراوی ژمارە(٥٨٤٤) یاسای لێخۆشبوونی گشتی بۆ سەرباز و هاوڵاتی کورد دەرچوو، وە بڕیاری ژمارە(٥٢) ساڵی ١٩٧٥ کە فەرمانبەرەکان بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان و لە هەموو سزاکانیان خۆش دەبن(تعاميم رئاسة ديوان رئاسة الجمهورية ١٩٦٨-١٩٧٧، ص٣٣٧)، بە هەمان یاسا چەندین مامۆستا گەڕانەوە سەر کارەکانیان لەوانە (فەرهاد شاکر مەجروم، نوری سەعید، دڵشاد ئەحمەد حەمەدئەمین، سەهریە وەلی عەلی و چەندین مامۆستای دیکە، لەگەڵ چەندین بنەماڵە لەوانە بنەماڵەی شێخ سلێمان و جمیل ئاغا و جلال ئاغا) گەڕانەوە ڕواندز (چاوپێکەوتن، هاژە شێخ سلیمان، ٢٠٢٤/٩/٣؛ چاوپێکەوتن، فەرهاد جەمیل حەسەن، ٢٠٢٥/٢/١٨؛ پەخشان جلال ئاغا، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٠٢٤/٤/٩).

پاش گەڕانەوەی وەجبەی یەکەم بەرپرسانی عێراق لەگەڵ بەرپرسانی ئێران دووبارە و بەردەوام سەردانی ئاوارەکانیان دەکرد، داوای گەڕانەوەی لێ دەکردن، بەڵام دوای ئەو سەردانانە بارودۆخی ئاوارەکان بەرەو خراپی چوو، بەهۆی کەمکردنەوەی بڕی خۆراک و پێداویستییەکان و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دواتر نەمانی ئەو هاوکاریانە و تەنانەت بڕی پێویستی ڕۆژانەی ئاویشیان پێ نەدراوە(دزەیی، ٢٠١٥، ل٤٣؛ چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠؛ چاوپێکەوتن، لوتفی ڕواندزی، ٢٠١٩/٣/١).

حکومەتی ئێران لە ڕێگەی بڵندگۆکان داوای لە ئاوارەکان دەکرد کە بگەڕێنەوە عێراق و چتر نانی تەمبەڵی نەخۆن، بڕیاری نەهێشتنی خۆراک و پێداویستیەکان بووە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ئاوارەکان بە گشتی و ڕواندز بەتایبەتی، لەو بارودۆخە سەختەدا گروپی دووەم بڕیاری گەڕانەوەیاندا، کە ئەو کەس و بنەماڵانە بوون کە دوای لێخۆشبوونەکە گەڕانەوە عێراق، بەڵام حکومەت ڕایگواستن لەڕێی خانەقین و مەندەلی بۆ کەرکوک لەوێشەوە بۆ شارەکانی باشووری عێراق لەوانە(مەلا عەبدوڵڵا ئاکۆیی، ئەحمەد کاروانچی و کوڕ و نەوەکانی ئەسعەد و عزیز و اسماعیل و جەمیلی برای، خالید ڕەشید فەقیانی، حاجی حەسەن ئاکۆیی، فەرهاد مستەفا، جەبار جەمیل، وشیار حەیدەر و دڵشاد شێخ نەجم...هتد) پێیان دەوترا (عائیدون)(چاوپێکەوتن، ئەسعەد کاروانچی، ٢٠٢٥/٧/٣٠؛ چاوپێکەوتن، سەید ڕێباز مستەفا، ٢٠٢٤/٩/٢٣؛ چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٧/٣٠؛ چاوپێکەوتن، عەزیز کاروانچی، ٢٦، ٩، ٢٠٢٥).

بنەماڵەی وەهاب ئاغای جوندیان، کە گەڕانەوە لە سنووری خانەقین یەکسەر گوازرانەوە بۆ ناحیە بەغدادی دواتر گوازرانەوە ڕومادی، حکومەت زوو خەڵکی دادەمەزراند تا نەگەڕێنەوە کوردستان، ئەگەر بڕیاری گەڕانەوە بدەن یەکسەر لە کارەکانیان دەردەکران، پێشمەرگە پسپۆری پۆلەندی دەست بەسەر کرد بوون، بۆیە ئالوگۆری پێکردن لە ئەنجامدا بنەماڵەی وەهاب ئاغا گەڕانەوە بۆ هەولێر(چاوپێکەوتن، فەیلی وەهاب ئاغا، ٢٠٢٤/١٢/١٠).

هەڵسوکەوتی خەڵکی شارەکانی باشووری عێراق لەگەڵ ئاوارەکان لەهەندێک ناوچە لە سەرەتادا خراپ بووە، چونکە کوردیان بە شێوەیەکی خراپ وێنا کرد بوو، بەڵام دوای بینینی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کوردەکان شێوازی مامەڵەیان گۆڕا(چاوپێکەوتن، لوتفی ڕواندزی، ٢٠١٩/٣/١). کەچی هەندێک ناوچە هەڵسوکەوتیان باش بووە وەک کاروانچی باسی دەکات کاتێک گەیشتونەتە گوندی بەعس(قرية البعس)ی نەجەف دراوسێ عەرەبە شیعەکانیان لەوانە(باوکی عەبدوڵا، باوکی حساب، حەران) خواردنیان پێشکەش کردوون، چونکە ئاوارەکان بەدرێژایی گواستنەوەیان لە ئێران تا گوندەکە، لەترسی نادیاری چارەنوسییان هیچیان نەخوارد بوو، زۆر برسی و ماندوو بوون (چاوپێکەوتن، عەبدوڵڵا ئاکۆیی، ٢٠١٦/٤/١٤؛ چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠)، لەباشووری عێراق حکومەت ڕێگای نەدەدا ئەم ئاوارانە بەبێ مۆڵەت بگەڕێنەوە کوردستان، دەبوو مۆڵەت لە ئەمنی شارەکە وەربگرن بۆ گەڕانەوە(ئازاد عەبدولعەزیز شاکر مەجروم) جارێک بە بێ مۆڵەت گەڕایەوە ڕواندز، (قادر ئاغای موختار) فەرمانگەی ئەمنی لێ ئاگادار کردەوە و گیرا و ڕەوانەی باشووری عێراق کرایەوە(چاوپێکەوتن، ئومێد شێرکۆ مەجرووم، ٢٠٢٤/١٠/٣١).

لەسەر داوای فەرمانبەرانی گەڕانەوە، حکومەت بڕیاریدا هەر یەکە بگەڕێتەوە سەر کار، بەڵام لەشارەکانی باشووری عێراق لەوانە(فەرهاد مستەفا) کرا بە چاودێری دارستان لە دیوانیە، (دلاوەر و سمکۆ محەمەد سالح) بوونە مامۆستا، تا ساڵی١٩٧٩ لە دیوانیە مانەوە(چاوپێکەوتن، فەرهاد مستەفا، ٢٠٢٤/٩/٢٦)، لەماوەی مانەوەی خێزانەکان لە باشووری عێراق بڕێک هاوکاری بە بڕی(١٩) دینار بە هەر خێزانێک دەدرا، بەڵام بەشی

پێداویستیەکانی نەدەکردن، بەناچاری دەستیان بە کارکردن کرد (چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠).

بارودۆخی خراپی ئاوارەکان ببووە جێی سەرنجی ئەو کەس و کۆمپانیا بیانییانەی لە عێراق کاریان کردووە، لەوانە ئەندازیارێکی ئەڵمانی بەناوی(هەنز) لە ناحیەی زرازەی پارێزگای کەربەلا کاری کردووە (لوتفی ڕواندزی) وەک شوفێر لەکار وەرگرتووە، پاشان لەڕێگەی وەرگێڕەکەی(تەحسین زاخۆیی) بەهاوکاری(لوتفی ڕواندزی) ڕۆژانە بەفری بۆ بەشێک لە خێزانە ئاوارەکان دابین کردووە (چاوپێکەوتن، لوتفی ڕواندزی، ٢٠١٩/١/٣)، هەنز دیارە کەمێک شارەزایی مێژووی کورد بووە، لەبەرئەوی کاتێک ڕواندزی باسی بارودۆخی کوردی بۆ ناوبراو کردووە، هەنز بە ئاماژەدان بەناو قەدی خۆی وەک ئاماژەیەک بۆ خەنجەرەکەی پشتێنی مەلا مستەفا بارزانی وتویەتی(مەلا مستەفا، گەلاڵە)، کە ئەمە زانیاری سەرەتایی بێگانەیەک بووە کە ئاشنای مێژوو و سەرکردایەتی سیاسی کورد بووە(چاوپێکەوتن، لوتفی ڕواندزی، ٢٠١٩/٣/١).

هەرچەندە بڕیاری گەڕانەوەی ئاوارەکان درا، بەڵام حکومەت بەشێکی ئەوانەی نەگەڕاندەوە، بەڵام دواتر (فەرهاد مستەفا) بەواستە گەڕایەوە ڕواندز (چاوپێکەوتن، سەید ڕێباز مستەفا، ٢٠٢٤/٩/٢٣)، وە بنەماڵەی شێخ محەمەد ماویلی لەگەڵ چەند خێزانی دیکە وەک ڕەزاق، قادر کە خەڵکی ماویلیان بوون کە لە گوندی حەمامی ناحیەی کوفەی پارێزگای نەجەف نیشتەجێ کرا بوون، تا ساڵی١٩٧٧ گەڕانەوە ڕواندز و گوندکەی ماولیان(ماویلی، ٢٠١٨، ل١٤-١٨).

گرووپی یەکەم و دووەم کە گەڕانەوە ڕواندز هاتنەوە سەر شار و گوندە سوتاو و کاولکراوەکان، بەڵام حکومەتی عێراق هاوکاری خێزانە گەڕاوەکانی کرد بە دابەشکردنی حەسیر و پێداویستی دیکەی سەرەتایی بۆ دروستکردنەوەی خانوو بۆ نیشتەجێ بوون لەگەڵ بڕێک پارە بۆ هەر خێزانێکی ئاوارە بەبێ جیاوازی(چاوپێکەوتن، عەبدوڵڵا ئاکۆیی، ٢٠١٦/٤/١٤؛ چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠)، دوای گەڕانەوەی ئاوارەکان حکومەت لێپێچینەوەی لە هەموو شتێک دەکرد، تەنانەت لە ناوی ئەو منداڵانەش کە لەو ماوەیەی لەدایک بوون، بۆ نموونە کوڕەکەی (لوتفی عومەر ڕەشید) کە لە ئێران لەدایکبوو، ناوە لێنرا بوو (مەنفی)، بەڵام دوای گەڕانەوە و بەژێر پاڵەستۆی دەزگاکانی حکومەت ناویان گۆڕی بۆ (قوباد)(لوتفی ڕواندزی، ٢٠١٩/٣/١).

گرووپی سێیەم لە خەڵکی ناوچەکە کە نەگەڕانەوە عێراق لەوانە بنەماڵەی(مەمەدە ڕەش و کەمالی سەید عەبدوڵلا)، مەمەدەڕەش لەوێ بووە چاودێری دارستانەکان(چاوپێکەوتن، موسا محەمەد خضر، ٢٠٢٦/١/١٣؛ چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠)، گرووپی چوارەم ئەوانە بوون کە بڕیارياندا بچن بۆ دەرەوەی وولات لەوانە(سەلاح ڕەفیق ڕواندزی) چووە کەنەدا، کەچی خێزان و منداڵەکانی گەڕانەوە هەولێر(ڕواندزی، ٢٠٢٣، ل١٧٩-١٨٠)، یەکەمین دەستەی پەناهەندەی کورد بوون گەیشتنە هۆڵەندا(قانیع، ٢٠٠٥، ل٧٥) وەک ئەقیلە ڕواندزی (چاوپێکەوتن، عەقیلە رواندزی، ٢٠٢٤/٥/١٦).

**ئەنجام.**

لەکاتی نوسینی ئەو توێژینەوەیە، گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

- شۆڕشی ئەیلول و مەلا مستەفا بارزانی بونە نوێنەر و ڕەمزی سەرکردایەتی کردنی کێشەی کورد لە عێراق و ناوچەکە و جیهان، وە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بووە هۆی دەنگدانەوەی کێشەی نەتەوەیی کورد و ڕێڕەوێکی یاسایی وەرگرت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.

- ڕێککەوتننامەی جەزائیر یەکێکە لە پرئێشترین و چارەنووسسازترین وێستگەکانی مێژووی هاوچەرخی کورددا، ئەم ڕێککەوتنە نەک تەنیا هەرەسی کتوپڕی بە شۆڕشی ئەیلول نەهێنا کە شۆڕشێکی چەکداری گەورە بوو، بەڵکو نەخشەی سیاسی ناوچەکەشی گۆڕی لەگەڵ ئاوارەبوونی دەیان هەزار پێشمەرگە و خێزانەکانیان بۆ ئێران دوای گەڕانەوەشیان ڕاگوێزرانیان بە زۆرەملێ بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق، تا دووریان بخەنەوە لە بیرو هزری شۆڕشگێرانە.

- حکومەتی عێراق لەڕووی سەربازییەوە سەرکەوت، بەڵام بەهۆی پرچەککردنی سوپاکەی، کە بڕێکی زۆری سامانی وڵاتی بەفیڕۆدا، کە دواتر عێراق بەرەو شەڕی گەورەتری وەک شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران کە لە دەرئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر هاتەکایەوە وە هێرش کردە سەر کوەێت.

- کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کوردستان تووشی شۆکێکی گەورە بوو، لەبەرئەوەی زۆربەی ئاوارەکان خەڵکی گوندەکان بوون، تەنانەت ڕەز و باخەکان لەناوچوون بەهۆی بۆردومانەکان.

- دوای نەمانی بەرگری چەکداریی کورد لەو قۆناغەدا، حکومەتی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بەسەر تەواوی خاکی کوردستاندا سەپاند و دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پیلانە ئەمنییە توندەکان.

- بۆ یەکەمجار پرسی کورد وەک کێشەیەکی مرۆیی گەورە لە ئێران و تورکیا و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا (وەک پەنابەر) دەنگی دایەوە.

## پەراوێز

١. بۆ زانیاری دەربارەی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار و دەقەکەی بڕوانە: بیان تأريخي لمجلس قيادة الثورة، الجمهورية(الجريدة)، عدد(٧٠٤)، ١٢ أذار١٩٧٠، ص١-٥؛ دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥، ل٥٣٨-٥٣٩.

٢. سەبارەت بەهۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بەستنی ئەو ڕێککەوتنە بڕوانە: شەکیب عقراوی، سنوات المحنة فى كردستان أهم الحوادث السياسية والعسكرية فى كردستان العراق من ١٩٥٨الى ١٩٨٠، مطبعة الثقافة، اربيل، ٢٠٠٧، ص ص٢٨٣- ٢٩٣.

٣. بۆ زانیاری دەربارەی چالاکی ئەوسای هەر یەکە لەو ڕۆژنامە و کەسایەتییانە بڕوانە ماڵپەڕەکانیان: (www.google.com/search?q=https://www.nytimes.com/section/archives و(-gamma rapho.com) و .(msf.org) وwww.google.com/search?q =chriskutschera.com.

٤. بۆ ووردەکاری زیاتر دەربارەی ئەو بابەتە بڕوانە: کاروان جەوهەر محەمەد، عزیز عەقراوی ژیان و ڕۆڵی سەربازی و سیاسی(١٩٢٤-١٩٨٠)، گۆڤاری گەرمیان، ژمارە(٤)، ٢٠٢٢، ل١١٣-١١٥.

٥. ئەو ئەنجومەنە خاوەنی بەرزترین دەسەڵات بوو لەعێراق، کە لە (١٧) ئەندام پێکهاتبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ژمارەی ئەندامانی جێگیر نەبووە، لەڕووی دەستورییەوە دەستەیەکی باڵای عێراق بوو بۆ یاسادانان و ڕاپەڕاندن:

کامەران بابان زادە، ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە باشوری کوردستان، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٩١٣، ل٥٥.

٦. بۆ زانینی ووردەکاری دەربارەی ئامادەکارییەکانی حکومەتی عێراق و بەرەکانی شەڕ لەکوردستان بڕوانە: سەنگەر ئیبراهیم خۆشناو، ڕووداوە سەربازییەکانی شۆڕشی ئەیلول ١٩٧٠-١٩٧٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی دانیشفەر، ٢٠٢٢، هەولێر، ل١٧٧-٣٢٤.

٧. بۆ زانیاری دەربارەی ژیانی جووەکان لە کوردستان بڕوانە: مۆردیخای زاکین، جولەکەکانی کوردستان (مێژووی ژیان و پەیوەندییان لەگەڵ ئاغا کوردەکاندا)، وەرگێڕانی حسێن بیەیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٥.

٨. حوسێن ئیسماعیل دەلۆ، ناوچەی کفری لەنێوان١٩١٤-١٩٤٥، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی بنکەی ڕۆناکبیری کۆمەڵایەتی کەرکوک، ٢٠٢٠؛ مستەفا نەریمان، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژ، کەرکوک، ٢٠٠٧.

٩. بۆ ووردەکاری دەربارەی شۆڕش و ڕاپەرینەکانی شێخ مەحموود بڕوانە: محەمەد ڕسول هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم و دووەم، لەندەن، ١٩٩٠-١٩٩٢.

١٠. بۆ ووردەکاری و زانیاری دەربارەی شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزان بڕوانە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨، بەبێ ساڵ.

١١. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم١٩٦١-١٩٧٥ شۆڕشی ئەیلول، بەبێ ساڵ.

١٢. بۆ ووردەکاری زیاتر بڕوانە: تۆفیق نوری بەگ (سەرکەوت بابانی)، بیرەوەری مێژوویی لە تێڕوانینی کوردێکی نەتەوەیی بەرامبەر بە شۆڕشی ئەیلولی١٩٦١، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠، ل١٣٥-١٥٧.

١٣. ئەسعەد کاروانچی: لەساڵی ١٩٣٩ لە ڕواندز لەدایک بووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول هاوشان لەگەڵ شەهید سەید سەلیم بۆتە پێشمەرگە و بەشداری چەندین ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری کردووە، دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران بووە دواتر ڕاگوێزراوە بۆ باشوری عێراق، بە لێبوردنی گشتی لە باشووری عێراق دەگەڕێتەوە ڕواندز، لەساڵی ١٩٨٣ لە ناحیەی خەلیفان دادەنیێت بۆ پاراستنی گیانی خۆی و خێزانەکەی لە دەست داواکارییەکانی حکومەتی عێراق کە ئامانجیان سیخوڕی کردن لەسەر هێزی پێشمەرگە: سەلیم، ٢٠٢١، ل٤٣؛ چاوپێکەوتن، کاروانچی، ٢٠٢٥/٧/٣٠.

١٤. ئەحمەد حەسەن کاروانچی: لەساڵانی(١٩١٠-١٩٩٦) ژیاوە، یەکێک لەو کەسایەتییانەی ڕواندز بووە چۆتە پێشوازی مەلا مستەفا کاتێک لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوەتەوە، نازناوی کاروانچی لەلایەن مەلا مستەفا پێدراوە، بەهۆی بەشداری کوڕەکانی لە شۆڕشی ئەیلول لەسەردەمی حەرەس قەومی لەساڵی١٩٦٣ لە هەولێر و کەرکوک بەند کراوە، دوای تێکچوونی شۆڕش ئاوارەی ئێران بووە لەگەڵ کوڕ و نەوەکانی، دواتر ڕاگوێزراونەتە باشووری عێراق، بە لێبوردنی گشتی گەڕانەوە ڕواندز، مەجیدی کوڕی لە گەرووی دارەهیشی چیای کۆڕەک لەساڵی ١٩٦٦ شەهید بووە: چاوپێکەوتن، ئەسعەد کاروانچی، ٢٠٢٥/٧/٣٠؛ چاوپێکەوتن، عەزیز کاروانچی، ٢٠٢٥/٩/٢٦.

١٥. مەلا عەبدوڵلا کوڕی عەزیز کوڕی ئەحمەد ئاکۆیە، لەساڵانی(١٩٤٢-٢٠٢١) ژیاوە، بەمەبەستی خوێندنی شەرعی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە، بڕوانامەی مەلایەتی وەرگرتووە، لە خەلیفان، ئالانە و شاری هەولێر مەلایەتی کردووە، دادوەری دادگای شەرعی شۆڕشی ئەیلول بووە، بەهۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ئاوارە ئێران بووە بە خێزانەوە، دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق، ڕاگوازراینە بۆ باشووری عێراق و بە لێبوردنی گشتی گەڕانەوە ڕواندز، بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە وتاردان دابڕاوە تا خانەنشین بوونی بەردەوام بووە لە خزمەت، لەشاری هەولێر وەفاتی کردووە و لە گۆڕستانی گوندی ئاکۆیان بەخاک سپێردراوە: چاوپێکەوتن، بەهار کاروانچی، ٢٠٢٦/٢/٢٠.

١٦. عومەرە فەندی کوڕی ڕەشید کوڕی عومەر ئاغایە، لەساڵانی(١٩٣٢-١٩٩٠) ژیاوە، کەسێکی خوێندەوار بووە، بەهۆیەوە بە فەرمی دامەزراوە و گواستراوەتەوە بۆ بنکەی پۆلیسی شێروان مەزن وەک نوسەری

پۆلیس(کاتب شرطة)، لەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی بارزانی بەناوی(گوڕێ) کردووە: چاوپێکەوتن، لوتفی ڕواندزی، ٢٠١٩/٣/١.


**لیستی سەرچاوەکان.**

**بڵاوکراوەکانی میری.**

- تعاميم رئاسة ديوان رئاسة الجمهورية ١٩٦٨-١٩٧٧، مجلد الاول.

**١. چاوپێکەوتن:**

- ئازاد جوندیانی، هەولێر، ٢٠٢٤/١١/٥.
- ئومێد شێرکۆ شاکر مەجروم، هەولێر، ٢٠٢٤/٧/٣١.
- ئەسعد کاروانچی، خەلیفان، ٢٠٢٥/٧/٣٠.
- بدیعە عومەر یوسف، هەولێر، ٢٠٢٥/٤/٣٠.
- بژار نوری سەعید، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/١١.
- بەهار کاروانچی، ٢٠١٨/٢/٢٠، ٢٠٢٦/٢/٢٠ .
- تاهیر عەبدولرەحمان عەبدوڵڵا، ڕواندز. ٢٠٢٤/٩/٢٣.
- سوپر جەلال دەرگەڵەیی، دەرگەڵە، ٢٠٢٥/٩/٢٩.
- سەید ڕێباز مستەفا، بێخاڵ، ٢٠٢٤/٩/٢٣.
- عەبدولرەحمان کەزیانی، گەرەوان، ٢٠٢٥.
- عەبدوڵڵا ئاکۆیی، هەولێر، ٢٠١٦/٤/١٤.
- عەزیز کاروانچی، ڕواندز، ٢٠٢٥/٨/٢٦.
- عەقیلە ڕواندزی، هەولێر، ٢٠٢٤/٥/١٦.
- فەرهاد جەمیل حەسەن، هەولێر، ٢٠٢٥/٢/١٨.
- فەرهاد شاکر مەجروم، سلێمانی، ٢٠٢٤/١٠/٣١.
- فەیلی وەهاب ئاغا، هەولێر، ٢٠٢٤/١٢/١٠.
- فەیلی وەهاب ئاغا، هەولێر، ٢٠٢٤/١٢/١٠
- کنیر جەمیل ئاغا، هەولێر، ٢٠٢٤/٩/٣.
- لوتفی عومەر ڕەشید ڕواندزی، هەولێر، ٢٠١٩/٣/١.

- موسا محمد خضر، هەولێر، ٢٠٢٦/١/١٣.
- موسليح سەيد جەبار، ڕواندز، ٢٠٢٥/٨/٢٧.
- مەحمود عەبدولرەحمان عەبدوڵلا، ڕواندز، ٢٠٢٥/١٠/١.
- هاژە شێخ سلیمان، هەولێر، ٢٠٢٤/٩/٣.

**- پەیوەندە تەلەفۆنی.**

- پەخشان جەلال ئاغا، هۆڵەندا، ٢٠٢٤/٤/٩.

**٢. پەرتوک.**

**- پەرتوک بە زمانی کوردی.**

- ئیزەدی، میهردادی، چەردەیەک لەبارەی کوردانەوە، وەرگێڕانی ئەمین شوانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- بارزانی، مەسعود، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨.
- بارزانی، مەسعود، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم١٩٦١-١٩٧٥ شۆرشی ئەیلول.
- پژمان، عیسا، نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥-ی ئەلجەزائیر، وەرگێڕاننناسر ئیبراهیمی، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوید، ١٩٩٧.
- حاجی ڕەسوڵ، شۆرش، ئەنفال و کورد و دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- خۆشناو، سەنگەر ئیبراهیم، ڕووداوە سەربازییەکانی شۆڕشی ئەیلول ١٩٧٠-١٩٧٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی دانیشفەر، ٢٠٢٢، هەولێر.
- دەرگەڵەیی، زرار سلێمان بەگ، بیرەوەرییەکانم لەساڵانی١٩٤٣-١٩٧٧، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- دەلۆ، حوسێن ئیسماعیل ، ناوچەی کفری لەنێوان١٩١٤-١٩٤٥، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی بنکەی ڕۆناکبیری کۆمەڵایەتی کەرکوک، ٢٠٢٠.
- ڕواندزی، سەڵاح ڕەفیق، لەدەو خەرەندی ئەحەسێمۆ، ئامادەکردنی شێرزاد هەینی، چاپی یەکەم، چاپخانەی فام، ٢٠٢٣.
- ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧.




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- رەئیسنەژاد، ئارەش، شای ئێران کورد لە عێراق و شیعەی لوبنان١٩٥٨-١٩٧٩، وەرگێڕانی شەفیقی حاجی خدر، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٢.
- زادە، کامەران بابان ، ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە باشوری کوردستان، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣.
- زاکین، مۆردیخای، جولەکەکانی کوردستان(مێژووی ژیان و پەیوەندییان لەگەڵ ئاغا کوردەکاندا)، وەرگێڕانی حسێن بیەیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٥.
- سەلیم، هیوا سەید ، یەکەم بەردی سەنگەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، ٢٠٢٤.
- شانێک بە بن باری نیشتمانەوە(ژینواری عزەت سلێمان دەرگەڵەیی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، ٢٠٢١.
- صالح، صالح محمد، کەسایەتیەکانی شاری ڕواندز، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانێ، ٢٠٢٢.
- الصلابی،عەلی محمد محمد، ژیاننامەی پێغەمبەر(ص) خستنەڕووی ڕووداوەکان و شیکردنەوەی بەسەرهاتەکان، وەرگێڕانی إحسان برهان الدين، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠٠٩.
- عەباس، شاخەوان، سەفەری کوردایەتی بیەوەرییەکانی شار و شاخ١٩٧٤-١٩٨٠، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، چ٢.
- عەبدولقادر، فەرەیدون، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٠.
- عەبدوڵلا، فەرەیدوون عەبدولرەحیم ، بارودۆخی سیاسی کوردستان-عێراق ١١ی مارتی١٩٧٠ - ١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.
- قانیع، مەریوان وریا، ناسیۆنالیزم و سەفەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٥.
- قوربانی، عارف، کۆچ و کۆچپێکردن هۆکار و بنەماکانی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆناکبیری و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠١.
- ماکداول، دیڤید، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥.
- ماویلی، شاخەوان شێخ محمد، لێرەش رووم لە تۆ بوو ئەی نیشتمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٨.

○ محەمەد، کاروان جەوهەر، ئیدریس بارزانی١٩٤٤-١٩٨٧ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩.

○ مزوری، ممدوح سەلیم، مێژووی ڕواندز، چاپی یەکەم، چاپخانەی مناره، ٢٠٠٥، هەولێر.

○ میران، چاڵاک ، ڕواندز...قەڵای خەبات و کوردایەتی(بزاڤی سیاسی، ڕۆڵی کەسایەتییەکان و ڕووداوە و کارەساتەکان)، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

○ مێرگەسۆری، شەپۆڵ فاخیر ، زمانی تاوان هاتە قسە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٧.

○ نوری بەگ، تۆفیق(سەرکەوت بابانی)، بیرەوەری مێژوویی لە تێڕوانینی کوردێکی نەتەوەیی بەرامبەر بە شۆڕشی ئەیلولی١٩٦١، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠.

○ نەریمان، مستەفا، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژ، کەرکوک، ٢٠٠٧.

○ نەریمان، مستەفا، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژ، کەرکوک، ٢٠٠٧.

○ هاوار، محەمەد ڕسول، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠.

○ هاوار، محەمەد ڕسول، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩٢.

**- پەرتوک بەزمانی عەرەبی.**

○ بينغيو: أوفرا، كرد العراق بناء دولة داخل دولة، طبعة الأولى، مطبعة دار أراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٤.

○ حبيب، كاظم، لمحات من عراق القرن العشرين- الكتاب الثامن، ط١، ج١، مطبعة أراس، أربيل، ٢٠١٣.

○ عقراوى: شەكيب، سنوات المحنة فى كردستان أهم الحوادث السياسية والعسكرية فى كردستان العراق من ١٩٥٨الى ١٩٨٠، مطبعة الثقافة، اربيل، ٢٠٠٧.

○ الغيطانى، جمال، حراس البوابة الشرقية، دار الطليعية، بدون سنة.

○ قادر: جبار، جامباز: طارق، قرارات مجلس قيادة الثورة النحل الخاصة بالكورد و كوردستان، مطبعة: جامعة صلاح الدين، اربيل،٢٠٢٣.

**- توێژینەوە.**

o محەمەد: كاروان جەوهەر، عەزيز عەقراوى، ژيان و ڕۆڵى سەربازى و سياسى(١٩٢٤-١٩٨٠)، گۆڤارى گەرميان، ژمارە(٤)، ٢٠٢٢.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان**

**- بەزمانی کوردی.**

o گۆڤارى بەيان، ژمارە(٣)، بەغداد، چاپخانەى دار الجمهورية- ١٩٧٠.

**- بەزمانی عەرەبی.**

o الواقع العراقية(الجريدة)، عدد٢٣٢٧، السنه السادسة العشرة، ١١ أزار ١٩٧٤.
o الجمهورية (الجريدة)، عدد٧٠٤، ١٢ أزار ١٩٧٠؛ عدد١٩٦٥، ١٩٧٤/٣/١٣.
سايتى ئەليكترۆنى.
o www.google.com/search?q=chriskutschera.com

o www.google.com/search?q=https://www.nytimes.com/section/ar(chives

o (gamma-rapho.com).

o ( msf.org).

List of sources.
Miri Publications.
o General Reports of the Office of the President of the Republic 1968-1977, Vol.
1. meet:
o Azad Jundiani, Erbil, 5/11/2
o Omid Sherko Shakir Majrum, Erbil, 31/7/2
o Asad Karwanchi, Khalifan, 30/7/2
o Badia Omar Yousef, Erbil, 30/4/2
o Bzhar Nuri Saeed, Erbil, 11/8/2
o Bahar Karwanchi, 20/2/2018, 20/2/2 . . . .
o Tahir Abdulrahman Abdullah, Ruandz. 23/9/2
o Super Jalal Dargalayi, Dargala, 29/9/2
o Sayed Rebaz Mustafa, Bekhal, 23/9/2
o Abdulrahman Kaziani, Garawan,
o Abdullah Akoyi, Erbil, 14/4/2
o Aziz Karwanchi, Ruandz, 26/8/2

o Aqila Rwandzi, Erbil, 16/5/2
o Farhad Jamil Hassan, Erbil, 18/2/2
o Farhad Shakir Majrum, Sulaimani, 31/10/2
o Faily Wahab Agha, Erbil, 10/12/2
o Faily Wahab Agha, Erbil, 10/12/2
o Kanir Jamil Agha, Erbil, 3/9/2
o Lutfi Omar Rashid Ruandzi, Erbil, 1/3/2
o Musa Mohammed Khader, Erbil, 13/1/2
o Muslih Sayed Jabbar, Ruandz, 27/8/2
o Mahmoud Abdulrahman Abdullah, Ruandz, 1/10/2
o Hazha Sheikh Sulaiman, Erbil, 3/9/2
- Telephone calls.
o Pakhshan Jalal Agha, Netherlands, 9/4/2
2. Book.
- Book in Kurdish.
o Yazedi, Mehrdadi, Chardayek Labaray Kurdwan, Wargerani Amin Shuani, Sardam Publishing House, Sulaimani, 2007.
o Barzani, Massoud, Barzani and the Kurdish Liberation Movement, Vol. 1, 1931-1958.
o Barzani, Massoud, Barzani and the Kurdish Liberation Movement, Volume III, Part II, 1961-1975 September Revolution.
o Pzhman, Isa, The Secrets of the 1975 Algerian Treaty, translated by Nasser Ibrahimi, Roj Press, Sweden, 1997.
o Haji Rasul, Shorsh, Anfal, Kurds and the Iraqi State, 2nd edition, Shvan Printing House, Sulaimani, 2003.
o Khoshnaw, Sangar Ibrahim, Military Events of the September Revolution 1970-1975, 1st Edition, Danishfar Printing House, 2022, Erbil.
o Dargalayi, Zrar Sulaiman Beg, Birwarikanm Lasalani 1943-1977, Rahand Printing House, Sulaimani,
o Delo, Hussein Ismail, Kufri area between 1914-1945, first edition, published by Kirkuk Social Enlightenment Center,
o Ruandzi, Salah Rafiq, Ladew Kharandi Ahasemo, prepared by Sherzad Heini, first edition, FAM Printing House,
o Rebaz, Kandil Baghdad Hazhand, Volume 1, 3rd Edition, Rojhelat Printing House, Erbil,
o Raisinejad, Aras, Shah of Iran Kurds in Iraq and Shiites of Lebanon 1958-1979, translated by Shafiqi Haji Khadr, Rojhelat, Erbil,

o Zadeh, Kamran Baban, Algiers Agreement and its Dimensions on the Kurdish Issue in South Kurdistan, Kamal Printing House, Sulaimani, 2013.
o Zakin, Mordecai, Kurdistan Jews (History of Life and Relationship with Kurdish Nobles), translated by Hussein Biyayi, Rojhelat Printing House,
o Salim, Hiwa Sayed, First Stone of the Battlefield, First Edition, Hevi Printing House,
o Shanek Ba Ben Bary Nishtimanwe (Zhinwari Ezzat Sulaiman Dargalayi), First Edition, Ahmadi Khani Cultural Society Printing House,
o Saleh, Saleh Mohammed, Personalities of Ruandz, Volume 1, First Edition, Ahmadi Khane Cultural Society,
o Al-Salabi, Ali Mohammed Mohammed, Biography of the Prophet (PBUH), Presentation of Events and Analysis of Stories, Translated by Ihsan Burhanuddin, First Edition, Narin Printing House, Erbil, 2009.
o Abbas, Shakhawan, Kurdish Journey of Memories of City and Mountains 1974-1980, Published by Academy of Awareness and Pedagogy of Cadres, Sulaimani, 2012, p.
o Abdulqadir, Faraidoon, Red Eagles of Kandil, 2nd edition, Sardam Publishing House, Sulaimani,
o Abdullah, Faraidun Abdulrahim, Political Situation in Kurdistan-Iraq 11 March 1970 - 11 March 1974, 1st Edition, Minara Printing House, Erbil, 2008.
o Qanie, Mariwan Warya, Nationalism and Travel, First Edition, Ranj Printing House, Sulaimani
o Qurbani, Arif, Migration and Migration Causes and Principles, in Publications of Kurdistan Youth Freedom Organization, Sulaimani, 2001.
o McDowell, David, Contemporary Kurdish History, translated by Abubakr Khoshnaw, second edition, Ministry of Education Printing House,
o Mawili, Shakhawan Sheikh Mohammed, Leresh Room La To Boo Ay Nishtiman, 1st Edition, Shahab Printing House,
o Mohammed, Karwan Jawhar, Idris Barzani 1944-1987 Life and Political and Military Role in the Kurdish Liberation Movement, Hevi Printing House, Erbil,
o Mazuri, Mamdouh Salim, History of Ruandz, First Edition, Minara Printing House, 2005, Erbil.
o Miran, Chalak, Rwandz....Fortress of Struggle and Kurdishness (Political Movement, Role of Personalities, Events and Disasters), Dilan Printing House, Sulaimani,

o Mergasuri, Shapol Fakir, Zamani Tawan Hata Qsa, 1st edition, Sulaimani,
o Nuri Beg, Tofiq (Sarkawt Babani), Historical Memoirs in the View of a National Kurd towards the September 1961 Revolution, First Edition, Tehran Printing House,
o Nariman, Mustafa, Shorshi Ibrahim Khani Delo 1920, 2nd edition, Roj Printing House, Kirkuk,
o Nariman, Mustafa, Shorshi Ibrahim Khani Delo 1920, 2nd edition, Roj Printing House, Kirkuk,
o Hawar, Mohammed Rasul, Sheikh Mahmoud Qareman and the State of South Kurdistan, Volume 1, London, 1990.
o Hawar, Mohammed Rasul, Sheikh Mahmoud Qareman and the State of South Kurdistan, Volume 2, London, 1992.
- Book in Arabic.
o Binghio: Ofra, Iraq Builds a State Within a State, first edition, Dar Aras Printing House for Printing and Publishing, Erbil, 2014.
o Habib, Kazem, Lamhat min Iraq al-Qarn al-Ashrin- Al-Kitab al-Thamn, Vol. 1, Vol. 1, Aras Printing House, Erbil,
o Aqrawi: Shakib, Hard Years in Kurdistan, Important Political and Military Events in Iraqi Kurdistan from 1958 to 1980, Al-Thaqafa Printing House, Erbil,
o Al-Ghaitani, Jamal, Guardian of the Eastern Gate, Dar al-Taliyah, without Sunnah.
o Qadir: Jabbar, Jambaz: Tariq, Decisions of the Council of the Revolutionary Leadership Special to Kurds and Kurdistan, Printing House: Salahuddin University, Erbil,
- research.
o Mohammed: Karwan Jawhar, Aziz Aqrawi, Life and Role of Military and Political (1924-1980), Garmian Magazine, No. (4),
magazines and newspapers
- Kurdish language.
o Bayan Magazine, No. 3, Baghdad, Dar Al-Jumhouria Printing House,
- In Arabic.
o Al-Waq' al-Iraqiyya (Al-Jaridah), No. 2327, Al-Sana'a al-Saadsa al-Ashra, 11 March
o Al-Jumhuriyah (Al-Jaridah), No. 704, 12 March 1970; Issue 1965, 13/3/1
Electronic site.
or www.google.com/search?q=chriskutschera.com
o www.google.com/search?q=https://www.nytimes.com/section/archives)

o (gamma-rapho.com).
o (msf.org).